گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper25

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 01-11-2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 09-01-2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 28-02-2025

# هەلومەرجە دامەزراوەییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی تیۆری ئاسیمۆگڵو و ڕۆبینسۆن: توێژینەوەیەکی تیۆری - شیکارییە

**هیوا علی عمر**
hewa.omar@su.edu.krd
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
کێشەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لە پرسی دامەزراوەکاندایە. دامەزراوەکان بەسروشتی خۆیان دەتوانن پاڵنەر بۆ هاووڵاتییان دروستبکەن و هانیان بدەن کە بەشداری بن لە چالاکییە سیاسی و ئابورییەکان یاخود خۆیان دوربگرن لەو بەشداریکردنە. دامەزراوەکانن کە دەوڵەمەندی و خۆشبەختی بۆ نەتەوەکان (هەلە دامەزراوەییەکان) دروستدەکەن یاخود ڕێگەیان لێدەگرن لە گەیشتن بەو ئامانجە و ڕێچکەی هەژاری و بێبەشبون لە دەرفەت و خزمەتگوزارییەکان (مەرجە دامەزراوییەکان) بەسەریاندا دەسەپێنن. ئاسیمۆگڵو و ڕۆبینسۆن بەسەرهاتی ئەو نەتەوانە دەگێڕنەوە" کە چۆن وکەی دامەزراوەکانیان بەرەو کرانەوە یاخود داخران ڕۆیشتون بونەتە مایەی خۆشبەختی یان نەهامەتی لەڕوی سیاسی و ئابورییەوە. بەڵام ئەم ڕێچکە مێژوییەی دامەزراوەکان شتێکی حەتمی نییە. لەوانەیە نەتەوەیەک لەڕابردودا دەوڵەمەند بێت، بەڵام بەهۆی ڕوداوە مێژویی یەک لەدوای یەکەکان ڕێچکەی هەژاری بگرێتەبەر، یان بەپێچەوانەوە بەرەو دەوڵەمەندی هەنگاو بنێت. ئەم توێژینەوەیە لەڕوانگەی تیۆری ئاسیمۆگڵو و ڕۆبینسۆن بەسەرهاتی دامەرزاوەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان شیدەکاتەوە. بەواتایەک ئەم توێژینەوەیە، لەچوارچێوەی کۆمەڵناسی دامەزراوەکان، بە میتۆدی چۆنایەتی شیکردنەوەی دامەزراوەیی (بەکارهێنانی داتا مێژویی و هەنوکەییەکان)، پرسی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان شیدەکاتەوە و ئامانجییەتی ئەوە بسەلمێنت کە واقیعی نایەکسانییەکان لە دابەشکردنی دەرفەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمڕۆی کوردستان، لە ماهیەتی ئەو دامەزراوانەدایە کە ئەمڕۆ لەکوردستان هەن لەهەمان کات ڕەگ و ڕیشەی مێژویشیان هەیە کە لە چۆنییەتی پەیوەندییەکانی نێوان دو هێزی سیاسی (پارتی و یەکێتی) سەرچاوەیان گرتوە. دەرئەنجامەکانی توێژینەوە دەرخستوە کە دو ئیدارەیی، ڕێچکەی ئاسایی دامەزراوەکانی گۆڕیوە، هەلومەرجێکی تایبەتی دروستکردوە و بۆتە مایەی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی بۆ دەستەبژێرکی سیاسی و بنەماڵەیی و ئەوانەش کە پشتیوانیانن. بەپێچەوانەوە زۆرینەی خەڵکی کوردستان، لەڕوی خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی پێداویستییەکان ژیان و خزمەتگوزارییەکان، ئاوات بە ژیانی ئەوان و منداڵەکانیان دەخوازن.

**کلیلە وشەکان:** دامەرزاوەکان، دامەزراوەی کراوە، دامەزراوەی چەوسێنەر (داخراو)، ڕێچکەی دامەزراوەیی، هەلومەرجە دامەزراوەییەکان، نایەکسانی دامەزراوەیی.

## پێشەکی

هەرێمی کوردستان لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ بو بە خاوەن دامەزراوەکانی حوکمڕانی خۆی. بەڵام ناسەقامگیری سیاسی و دواجار شەڕی ناوخۆ لەنێوان یەکێتی و پارتی، وێڕانی زیاتری بۆ کوردستان دروستکرد. ئەمە یەکەم ئەزمونی حوکمڕانی لۆکاڵی بو کە لەماوەیەکی کورتدا لەناوچو و نەیتوانی ڕێچکەی دامەزراوەیی (یان بەدامەزراوەییکردنی دەسەڵات) بۆ حیزبەکان دیاریبکات و دەسەڵاتداران لەپاشخانە ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان دوربخاتەوە و مامەڵەیەکی عەقڵانی لەگەڵ دامەزراوەکان بکەن. کاریگەرییەکانی شەڕی ناخۆ دولەتبونی دامەزراوەیی لەنێوان هەولێر (زۆنی زەرد) و سلێمانی (زۆنی سەوز) دروستکرد کە دواتر بو بە ڕێچکەیەکی دامەزراوەیی کە تاکو ئێستاش کاریگەرییەکان بەئاشکرا دیارن. لەدوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ جارێکی تر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کەوتنەوە سەرپێ، بەڵام دابەشکارییەکان لەسیاسەت و بەرژەوەندییە ئابورییەکان، بەواقیعبونی دو ئیدارەیی قوڵترکرد و ساڵ دوای ساڵ یەکگرتنەوەی دامەزراوەکانی سەختتر کرد.

دامەزراوەکان لەدوای جێگیربونیان، هەلومەجی تایبەتی خۆیان بۆ کاربەدستان و ئەوانەش کە پێیانەوە پەیوەندیدارن دیاری دەکەن. ئەو هەلومەرجنە دەکرێ هاندەربن دەشکرێ ڕێگربن. هەرێمی کوردستان کە بۆماوەی زیاتر لەچارەگە سەدەیەکە خاوەن دامەزراوەیی خۆماڵی خۆیەتی، بەڵام تەنها بونی دامەزراوەکانی بەس نییە، بەڵکو پرسی چۆنیەتی کاری دامەزراوەکانی و پرسی دادپەروەری و یەکسانیش گرنگە (Rawls, 1999); (Omar, 2024). خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر باش لەو واقیعە تێگەیشتون، کە ئاسانترین ڕێگە بۆ دەوڵەمەندبون و گەیشتن بەسەرچاوەی سامان، پەیوستبون و دەستڕاگەیشنە بە دەسەڵاتدارانی حیزبی و بنەماڵەیی، چونکە دامەزراوەکانی لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندان و بەئاراستەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئاراستەیان دەکەن. بەمەش دەکرێ بوترێت دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدو ئاڕاستەی گشتی کاریان کردوە: لەسەرێک بونەتە سەرچاوەی دەوڵەمەندی بۆ بەرپرسانی حکومی و حیزبی (بەتایبەتی دو حیزبی دەسەڵاتدار)، لەسەرێکی تر زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەو سامانە و دەرفەتانەی کە لەڕێگەی دامەزراوەکانەوە دابەش دەکرێت بێبەشکراون.

## یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە:

هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق، لەژێر کاریگەری ڕاستەخۆی یان ناڕاستەخۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدایە. بەدرێژایی سەدەی ڕابردو، دامەزراوەییەکانی حکومەتی ناوەندی لەهەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی چەسپێنەرانەیان هەبوە و کورد بەشێکی سەرەکی نەبوە لە ئیدارەدانی دامەزراوەکان و سەرچاوەکانی خۆی. دەکرێ ئەمە بگێڕینەوە بۆ میراتی پێشینی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە عێراق لە سێ ویلایەتی (بەغدا، بەسرە، و موسڵ) ئەو ئیمپراتۆرییە لەلایەن هێزەکانی داگیرکەری بەریتانی و فەرەنسی پێکهێنرا. بەڵام پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق ئەگەرچی داهێنانێکی دامەزراوەیی نوێ بو، بەڵام نەیتوانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەڕوی وەرچەرخان لەدامەزراوەی چەوسینەرانە بۆ دامەزراوەی کراوەی سیاسی وئابوری دروست بکات. چونکە دامەزراوەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بەسەندنی باج و وەرگرتنی داهاتی زەوی و سەرانەی مەڕومالات دەبەست، بەمەش بونیادی ئابوری و سیاسی کوردستان بەدواکەوتوی مایەوە (بێشکچی، ٢٠٢٣). بۆ نمونە ڕژێمە یەک لەدواییەکەکانی عێراق لە پاشایەتییەوە (١٩٢١-١٩٥٨)، کە بەپارێزەری بەرژەوەندییەکانی چینی دەرەبەگی ناوزەد دەکرێت (بطاطو، ٢٠١٨) تا ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی بەهۆی

کۆدەتای عەبدولکەریم قاسم و جێگیربونی سیستمی کۆماری (١٩٥٨) و کۆدەتای بەعسییەکان لەجاری یەکەم (١٩٦٣) و کۆنترۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ جاری دوەم لەلایەن حیزبی بەعسەوە (١٩٦٨)، دامودەزگاکانی دەوڵەت بەڕوی ئەندامانی تری کۆمەڵگە کەبەعسی نەبون و لەحیزبەکانی تر بون نەک تەنیا قەدەغەکرا، بەڵکو بو بە دامودەزگایەکی پڕ مەترسی داپلۆسێنەر کە پۆستە باڵا و هەستیارەکانی دەوڵەت لەلایەن ئەندامانی حیزبی بەعس و خزمانی نزیک لەبنەماڵەی سەدام پڕکرانەوە. دوابەدوای ئەمە، دامودەزگا ئابورییەکانیش لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵکران، داهاتەکانی نەوت خرانە خزمەت بواری ژێرخانی ئەمنی و سەربازی کە دواجار عێراقی بەرەو چەند قۆناغی جەنگی ناوخۆ و دەرەکی تاودا. لەو میانەدا، نەتەوەی کوردیش ڕوبەڕوی کارەساتی کۆمەڵکوژی و ئاوارەبون و نەمان دەچو. لەهەلومەرجێکی وەهادا، خەڵکی هەرێمی کوردستان بەهۆی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و کۆتایی بە دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی بەعسی هێنا، بو ئاسۆیەکی نوێ بۆ دروستکردنی دامەزراوەکانی خۆی. پاش ڕاپەڕین، بەرەی کوردستانی بۆ ئیدارەدانی کاروباری گشتی، بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژارن (١٩٩٢) دەدات، بەڵام نەبونی ئەزمونی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حکومەت لای سەرکردایەتی کورد، دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانی خستە دۆخی شەڕی ناوخۆوە (١٩٩٤-١٩٩٨). دواتر، ئەگەرچی دۆخی ناهەمواری دامەزراوەکانی حکومەت بۆماوەی زیاتر لەچارەگە سەدەیەک هەروا مایەوە، بەڵام لەبەر ناکۆکی لایەن سیاسییەکان لەسەر فراونکردنی دەسەڵاتی خۆیان و کۆنترۆڵی داهاتی گشتی، دۆخی ناهەمواری بۆ ژیانی گشتی هێنایە پێش.

لە ئێستادا ئەگەر سەیری دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین کە ڕۆژبەڕۆژ هەرێمی کوردستان قەزردارتر دەبێت[1] و سەرچاوەکان بۆ نەوەکانی داهاتو بەرەو نەمان دەچێت[2]، زۆربەی پرۆژەکانیش بەهۆی نادیاری بودجە توشی لەکارکەوتن بون. جا بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی کار و میکانیزمەکانی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە لەژێر ڕۆشنایی بۆچونەکانی ئاسیمۆگڵو و ڕۆبینسۆن (٢٠١٢) لەکتێبی بۆچی نەتەوان شکست دەهێنن"هەڵدەچنین. تێزی سەرەکی تیۆرەکە ئەوەی کە هەژاری و دەوڵەمەندی نەتەوەکان لەژێر کاریگەری سروشتی (کرانەوە و داخران)ی دامەزراوە سیاسی و ئابورییەکاندایە. ئەوان بەپێی لۆژیکی دامەزراوەکان واقیعی ئێستای نەتەوان ڕوندەکەنەوە. پرسی سەرەکی توێژینەوە ئەوەیە ئاخۆ تیۆرەکەی ئاسیمۆگڵو و ڕۆبینسۆن[3] چۆن دەتوانێت کەیسی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ڕون بکاتەوە؟

## گرنگییەکانی توێژینەوە:

١. لەڕوی تیۆرییەوە، ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە یەکێک لە تیۆرییە گرنگەکانی دو ئابوریناس (دارۆن ئاسیمۆگڵو) زانستی سیاسی (جەیمس ڕۆبینسۆن) لەئینستتیوتی ماساچوسێتس بۆ تەکنەلۆژیا (MIT) کە ڕێگە بۆ توێژینەوەی نێوان زانستە کۆمەڵایەتییەکان[4] خۆش دەکەن و دەوڵەمەندی چەند ڕوانگەیی تیۆریک[5] بەرهەمدێنن.

٢. خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیە بۆ مێژوی دامەزراوەکان و کردنەوەی دەروازەیەکە بۆ گەشەپێدانی توێژینەوەکان تایبەت بە بواری پسپۆڕی کۆمەڵناسی دامەزراوەکان و کۆمەڵناسی مێژویی.

٣. هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشاییە تیۆرییەکان لەبواری مێژوی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان. ئەمەش خۆی بایەخی زانستی هەیە لەبواری زانستەکانی ئابوری و سیاسیی و کۆمەڵناسی.

## ئامانجەکانی توێژینەوە:

١. ڕونکردنەوەی تیۆریی چۆنیەتی دروستبونی هەلومەرجە دامەزراوەییەکان لەڕوانگەی تیۆری ئاسیمۆگڵو ورۆبینسۆن.

٢. شیکردنەوەی دۆخیٚ ئێستای هەلومەرجە دامەزراوییەکانی هەرێمی کوردستان.

٣. دیاریکردنی ئاستەنگەکانی بەرەوپێشچونی دامەزراوە سیاسی و ئابورییەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## دووەم: توێژینەوەکانی پێشو و تاوتوێکردنیان

لێرەدا مەبەست لە خستنەڕوی توێژینەوەنەکانی پێشوی ئەوەیە کە ئەو توێژینەوانە دەستنیشانبکەین کە پشتیوانی لەڕوانگەی دامەزراوەگەرایی دەکەن بۆ شیکردنەوەی ئاڕێشەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان.

دەنیس ناتالی (Natali, 2010) کە بناغەی توێژینەوەکەی لەسەر ئەو ئارگیومێنتە هەڵچنیوە کە یارمەتی دەرەکی هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی و گەشەی شێوە-دەوڵەتی[6] کوردی لە عێراق. ئەو پێیوایە ئەگەرچی یارمەتییە مرۆییەکانی ڕێکخراوە نێودوەڵەتییەکان گرنگبون بۆ دانیشتوان، بەڵام لەهەمان کات بەشێوەیەکی نەخوازراو کاریگەری هەبوە لەسەر گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردی. بەهۆی پێشکەشکردنی پشتیوانی دەرەکی، نیمچە شەرعییەتی دەرەکی، سەروەری ناوخۆیی لەهەرێم، لەدوای سەپاندنی ناوچەی دژەفرین بەهۆی بڕیاری (٦٨٨) نەتەوە یەکگرتوەکان، دەستەبژێری سیاسی کورد یارمەتییە نێودەوڵەتییەکانی قۆستەوە بۆ دەستکردن بە پرۆژەی دروستکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG). بەواتایەکی تر یارمەتییە دەرەکییەکان پەردەپۆشی کێشە سیاسییەکانی هەرێمی دەکرد، چونکە بوژانەوەی کورت لەشێوەی یارمەتی خۆراک و سوتەمەنی لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، توانستەکانی حوکمکردنی ناوخۆیی سنوردار کرد، لەهەمان کات وزەی بۆ هێزی ململانێیەکان دابینکردوە؛ هانی ڕکابەری داوە لەنێوان دو گروپی سیاسی بۆ دەستگەیشتن بە پشتیوانییە داراییەکان. بەڵام دوای دو ساڵ (١٩٩٤) لە زەلکاوی شەڕی براکوژییدا ڕۆچون، هەم پرۆگرامی یارمەتیدان و هەم شەرعیەت و سەروەری ناوخۆیی هەرێمی لاوازکرد. لەلایەکی تر ناتالی پێیوایە کە چالاکییەکانی ڕانتخۆری (کرێخۆری)، گەندەڵی و لێکترازانەکان ڕێگربون لەپرۆسەی چاکسازی دامەزراوەیی کە ئەویش خۆی پەیوەندی بە کێشە ناخۆییەکانی وەک میراتی مێژویی لاوازی دامەزراوەکان، کلتوری سیاسییەوە هەیە. وردتر ئەو هاوشێوەی ململانێی وڵاتانی تازە پێگەیشتو، دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لە ئێستا ( لەڕابردوش) ناجێگیر و نەچەسپاو وەسف دەکات. لەڕاستییدا سروشتی وابەستەبون بەڕێچکەی[7] دامەزراوەکان ئەوە دەردەخەن، کە هەندێک وڵات پێدەچێت کۆسپ لەبەردەم گەشەپێدان دابنێن، چونکە بەرژەوەندیی چەند گروپێکی کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان (و سیاسی) ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە. یەکێک لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئەوەیە کە ئابوری دەوڵەتی ناوەندی سودی بینی لە گۆڕانکارییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و تا ناوەڕاستی سەدەی بیست، بەتایبەتی لەڕوی تەکنەلۆژی و سەرمایەی دەرەکی و بەسترانەوە بە بازاڕەکان و سەرچاوەکانی وزە بەهرەمەند بوە. بەڵام هەرێمی کوردستان هەمیشە ناوچەیەکی دابڕاو بوە لە سیاسەت و ئابوری جیهانی. موسڵ و بەغدا ئەو ناوچانە بون کە پەیوەندییە بازرگانی، کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان تیایدا گەشە کرد و کوردەکانیش دەیانتوانی سود لە هەلە ئابورییەکان لەو شوێنانە وەرگرن.

ئەنوەر ئەنەید (Anaid, 2019; in Anaid & Tugdar) بەگرتنەبەری ڕوانگەی تیۆری ئابوری سیاسی بونیادی ئابوری هەرێمی کوردستان شیدەکاتەوە. ئەنەید بەپێچەوانەی ناتالی (Natali, 2010) ئابوری ئازاد لە هەرێمی کوردستان لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو دەستی پێکردوە و لە دوای ٢٠٠٣ ئەو ڕەوتەی ئابوری بازاڕ زیاتر گەشەی سەندوە. جۆری ئابوری بازاڕ لەسەر بنەمای دەستوەرنەدان[8] بوە. ئابوری هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە بواری نەوت دەبەستێت. ئەمەش نایەکسانییەکی گەورەی دروستکردوە. ئەو نایەکسانییەی کە بەهۆی بڵاوبونەوەی گەندەڵی، وەفاداری سیاسی، سیستمی پاترۆنیج (سەروەر-خزمەتکار)[9]، کاریگەری لەسەر دەستنیشانکردنی خەڵکی شیاو بۆ پۆستە

باڵاکانی لە حکومەت و بازاڕی کار دروست کردوە. ئەو پێیوایە پێشتر سیاسەتەکانی بازاڕی ئازاد لە عێراق و هەرێمی کوردستان، هەرگیز بەتەواوی نەچۆتە ژێر نوێبونەوەی ئاراستەکراوی بازاڕی ئازاد. لەسەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عێراق وهاتنەئارای ڕژێمی پاشایەتی، پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان وئابوری پشتبەستو بە زەمینداری بەتەواوی تایبەتمەندی زاڵی ئەو قۆناغە بوە. وەکچۆن دوای کۆتایی سەردەمی پاشایەتی و دەستپێکردنی سەردەمی کۆماری، بەتایبەتی سەردەمی بەعس، تواناکای دەوڵەت بەرەو جەنگ ئاراستەکرا" تا ئەوەی سیستمێکی ئابوری سەرمایەداری دابمەزرێنێت. لەو ماوەیەدا خەڵکی عێراق هەرچی زیاتر بە دەوڵەت و ئابوری نەوت وابەستەبون. لەکۆتاییدا ئاماژە بە چەند پرسێکی بونیادی ئابوری دەکات کە ئەگەر چارەسەر نەکرێن" ئەوا کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر یەکانگیری نیشتیمان و ئەدای ئابوری لەهەرێمی ئەویش پشبەستنی خەڵکە بە حکومەتی هەرێم کە ئەمەی دوایش پشتی بەستوە بە ئابوریی ڕانتی نەوت.

لەلایەکی دیکەوە، توێژینەوەی یاسین ساڵح (٢٠٢٠) جەخت لەوە دەکاتەوە کە مێژوی دامەزراوە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ٨٢ ساڵ لەمەوبەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بونیادی ئەو دامەزراوانە لەرزۆکە بە کەمترین ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکان ئەگەری دارمانیان زۆر بەهێزە. تێزی سەرەکی ساڵح ئەوەیە کە هۆکاری لاوازی دامەزراوە سیاسییەکان (بەدواشیدا دامەزراوە ئابورییەکان) دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی حیزب لە کاروباری دامەزراوەکان. ئەو لەئەنجامی توێژینەوەکەی سەبارەت بە جۆری پەیوەندی نێوان حیزب و دامەزراوەکان گەیشتوە بەوەی کە پەیوەندی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی لەهەرێمی کوردستان لەو جۆرەیە کە حیزب وەک ئورگانێکی گەورەتر لە دامەزراوەکان دەبینرێت؛ چونکە حیزب پێش دامەزراوەکان لەدایکبوە و لەهەناوی سیستمی سیاسی و حوکمڕانی نەهاتۆتەدەر، بەڵکو حکومەت لەهەناوی حیزب لەدایکبوە.

توێژینەوەی نێدەر خالید (2021) باسی سەرەکی توێژینەوەکە تەرخانکردوە بۆ شیکردنەوەی ئابوری ئازاد لە عێراق و کوردستان. ئەو پێوایە کە میزۆپۆتامیا (عێراق) بەدۆخێکی نالەباردا تێپەڕیوە کە هەرێمی کوردستانیش بەشێک بوە لەو دۆخە ناهەموارە. پێیوایە چەند هۆکارێک ڕێگربون لە گەشەکردنی دامەزراوەکان: میراتی داگیرکاری (کۆلۆنیالیزم)، سیاسەتی حکومەت یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، ناسەقامگیری سیاسی و ئابوری، کۆسپە کۆمەڵایەتی و ئایینی کلتورییەکان. تێزی سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ئازادی ئابوری، گەشەی دامەزراوە سیاسییەکان بەدوای خۆیدا دێنێت. خالید لە توێژینەوەکەی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەرچی هەرێمی کوردستان ژینگەی بازرگانی فەراهەم کردوە، بەڵام هێشتا دامەزراوە ئابوریی و سیاسییەکانی ساوا و ناکاران و لەژێر کاریگەرییەکانی میراتی ڕابردوی دەوڵەتی عێراق وترادیسیۆن و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان کە تەبانین لەتەک بازاڕی ئازاد و حوکمڕانی ڕەشید و دیموکراسی.

بەکورتی دەتوانین بلێین ناتاڵی (٢٠١٠) جەخت لە یارمەتییە دەرەکییەکانی دەکاتەوە بۆ گەشەی ناسیۆنالیزم و پرۆژی دروستکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەگەرچی باسی ڕۆڵی فاکتەرە ناوخۆییەکان ناکات، بەڵام مێژوی ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەکان بەگرنگ دەزانێت لە لاوازکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم. بەڵام لەڕوانگەی ئەنەید (٢٠١٩) چونکە خەڵک بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان بە ئابوری دەوڵەتەوە بەستراونەوە و ئابوری دەوڵەتیش نەوتە، ئەمە مەترسی دروستکردوە بۆ سەر یەکانگیری نیشتیمانی و لاوازی دامەزراوەکان. لەلایەکی تر، ساڵح (٢٠٢٠) لەسەر ئەو بۆچونەیە کە حیزب لەهەرێمی کوردستان پێش لە دامەزراوەکان لەدایکبوە. بەمەش پەرلەمان و حکومەت لەهەناوی حیزب لەدایک دەبن. هۆکاری لاوازی دامەزراوەکانیش بەدەست تێوەردانی حیزب دەبەستێتەوە. دواجار خالید (٢٠٢١) پێیوایە ئازادی ئابوری، گەشەی دامەزراوەکان بەدوای خۆیدا دێنێت. لەعێراق و هەرێمی کوردستان میراتی

داگیرکاری (کۆلۆنیالیزم) و نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگرن لەبەردەم گەشەی دامەزراوەکان لەوانە دامەزراوەی سیاسی دیموکراسی.

لە خستنەڕوی ئەو توێژینەوانە دەگەینە ئەوەی کە ئاراستەی شیکاری- تیۆری ئەو توێژینەوانە خۆی لە خشتەیەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

خشتەی (١) خستنەڕو و هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێشو دەخاتەڕو

| توێژینەوەکانی پێشو | ئاراستەی شیکاری | هەڵسەنگاندن |
|---|---|---|
| ناتاڵی (٢٠١٠) | یارمەتییە ئابورییە دەرەکییەکان کاریگەریون گەشەی ناسیۆنالیزم و لەوانەش دروستکردنی دامەزراوەکان | کەمتر بایەخی بە فاکتەرە نێوخۆییەکان دەدات لە شکستی دامەرزاوەکان |
| ئەنەید (٢٠١٩) | ئابوری نەوت و کرێخۆری گەشەی دامەزراوە سیاسییەکانی لەهەرێم پەکخستوە | ئەولەوییەتدان بە ئابوری لە شکستهێنان بە دامەزراوە سیاسییەکان |
| ساڵح (٢٠٢٠) | دەستتێوەردانی حیزب مایەی شکستی دامەزراوەکانە | کەمتر باس لە فاکتەرە ئابورییەکان دەکات |
| خالید (٢٠٢١) | گەشەنەکردنی ئابوری ئازاد مایەی شکستی دامەزراوەکانە | ئەولەوییەتدان بە ئابوری لە شکستهێنان یان بەرەوپێشچونی دامەزراوە سیاسییەکان |

بەکورتی لەڕوانگەی ئەو توێژینەوانەی دەکرێ فاکتەرە دور-مەوداکانی ناکارایی دامەزراوە سیاسی و ئابورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکەین، کە بریتیین لە میراتی داگیرکردنی دەوڵەتی عێراق و پشتبەستنی بەئابوری نەوت. بەڵام فاکتەرە نزیک-مەوداکانیش بە ململانێ حیزبە سیاسییەکانی لەسەر دەسەڵات و شەری ناوخۆ لەبەرچاوبگرین؛ هەرکامیان ڕۆڵی کاریگەریی خۆی هەبوە لە لاوازیکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم. ئەوەی گرنگە بەبێ گەرانەوە بۆ فاکتەرە مێژویی و بونیادییەکان، ڕونکردنەوەی پێویست بۆ هۆکارەکانی لاوازی دامەزراوەکانی لە ئێستادا نادات بەدەستەوە و قوڵایی کێشەکانی نیشاننادات. لەلایەکی دیکەوە، ئەم توێژینەوانە لەشیکردنەوەدا جۆرێک لەتاک ئاراستەیی شیکردنەوەی[10] پەیرەو دەکەن. بۆنمونە زۆربەی توێژینەوەکان پەیرەوی لە ئاراستەکانی تیۆری نوێسازی (مۆدێرنیزاسیۆن) دەکەن و باوەڕیان وایە نوێکردنەوە ئابوری وگەشەپێدانی ئابوری بەیەپرەوکردنی مۆدێلی وڵاتانی ڕۆژئاوا، دروست دەبێت. هەروەها باوەڕیان وایە بۆ گەشەپێدانی سیاسی سەرەتا پێویستە گەشەپێدانی ئابوری ئەنجام بدرێت و پەیرەوی لە سیاسەتەکانی بازاڕی ئازاد بکرێت. بەڵام ئەم توێژینەوە پەیرەوی لە ئاراستەی تیۆری ئابوری سیاسی ئاسیمۆگلو ڕۆبینسۆن دەکات کە باوەڕی وایە ئەوە ماهیەت و سروشتی دامەزراوە سیاسییەکانە (کراوە بێت یان داخراو) کە ماهیەتی دامەزراوە ئابورییەکان (ئازاد یان چەوسێنەرانە بێت) دەستنیشان دەکات. وەکچۆن ئەوان باوەڕیان وایە کە ئەم ئاراستە تیۆرییە ئاراستەیەکی حەتمی نییە؛ مەرج نییە هەمیشە وا ڕوبدات، بەڵکو ئەوە ڕێرەوەی مێژویی دامەزراوەکان و پێکەوەبونی ڕوداوە چارەنوسسازەکانە کە ئەو هاوکێشەیە دەنوسێتەوە.

**سێیەم: میتۆدۆلۆژی توێژینەوە**

لەڕاستییدا ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی شیکردنەوەی دامەزراوەیی[11] دەبەستێت. سڤێن شتاینمۆ[12] پێیوایە شیکردنەوەی دامەزراوەیی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سێ ئاستدا کار دەکات: لە ئاستی مایکرۆدا، شیکردنەوەی هەڵبژاردنی عەقڵانی کارەکتەرەکانی دەکات؛ لەئاستی دووەمدا، کە ئاستی میزۆ یان ناوەندی دەناسرێت، قوڵایی دامەزراوەکانی دەتوێژرێتەوە کە بەدامەزراوەگەرایی مێژوویی[13] دەناسرێت؛ لەئاستی سێیەمدا کە ئاستی قەبە یان ماکرۆیە، شیکردنەوەی دامەزراوە قەبەکان مەبەستە (Steinmo, 2008; in: Della Porta & Keating). لەشیکردنەوەی دامەزراوەکان سەرەتا پێویستە ئەو ئایدیا تیۆرییانە دەستنیشان بکەین کە پەیوەندیی لەنێوان تایبەتمەندییە دامەزراوەییەکان و کردەی کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، وەک ئەدا، و گۆڕانە سیاسییەکان دروست دەکەن ( March & Olsen, 2005). لە ڕوانگەیەکی تر، شیکردنەوەی دامەزراوەکان جەخت دەکات کە مرۆڤەکان هەم شوێن یاسا ورێسا و نۆرمەکان دەکەون (ڕوانگەی کۆمەڵناسی) هەم کارەکتەری ئەقڵانین کە بەدوای بەرژەوەندی و سودی خۆیاندا دەگەڕێن (ڕوانگەی ئابوری). لەنێوان ئەم دو شیکردنەوەی دامەزراوەییدا، دامەزراوەگەرایی مێژوویی جێی خۆی کردۆتەوە کە پرسیار دەکات: چۆن بژاردەیەکی تایبەت بەدیدێت؟ یان بۆچی دەرئەنجامێکی تایبەت ڕوودەدات؟ (Steinmo, 126). لەم توێژینەوەیەدا، گەڕانەوە بۆ فاکتە مێژوییەکان بەگرنگ دەزانرێت، بۆچی؟ چونکە زەمینەی مێژوویی (کات و شوینی دیاریکراو) کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ڕەفتار، تێڕوانین و بڕیارەکانی کارەکتەرەکان و ئەو ڕوداوانەش بەدوایاندا دێن. لە کۆمەڵناسی مێژوییدا، توێژینەوە لە ڕوداو و پرۆسەکان لە زەمان و زەمینەیەکی دیاریکراودا، دەخوازێت پەیگیری ڕیزبەندی دروستبونیان بکرێت، تاکو شیکردنەوەی هۆ و ئەنجام (شیکردنەوەی هۆیەتی)یان بزانین. لە میتۆدی دامەزراوەگەرایی مێژوییدا، شیکردنەوەی مێژوویی دیاردەی دامەزراوە لەبەرچاو دەگرێت. پاوڵ پیێرسن لەچەند توێژینەوەیەکدا دەریخستوە کە بۆچی و چۆن هەڵبژرادنی سیاسەتێکی دیاریکراو لە قوناغێکدا دەتوانێت هەڵبژرادنەکانی دواتر بخاتە ژێر کاریگەری خۆی (Pierson, 1993); (Pierson, 2000); (Pierson, 2004). بەواتایەکی تر، ئەو کاری لەسەر میتۆدی وابەستەبون بەڕێچکە کردوە، کە بریتییە: "لە جەختکردنە سەر دینامیکییەتی پرۆسەکانی خۆبەهێزکەر[14] یان فیدباکی پۆزەتیڤ[15] لە سیستمێکی سیاسییدا" (Pierson, 2004). ڕوداوە مێژوییەکان ڕێچکەی وابەستەبون بۆ کارەکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دروست دەکات. ئەو پرۆسانە تایبەتمەندییەکی سەرنجراکێشیان هەیە کە لەهەر قۆناغێکدا لەژێر کاریگەری شڵەژان و تێکچونە تاڕادەیەک کەم هێزەکاندان؛ بۆیە ئەو پرۆسانە دەتوانن زیاد لە یەک ئەنجامیان هەبێت. کە ڕێچکەکە چەسپا، پرۆسە خۆبەهێزکەرەکان گەڕانەوە دواوە لەو ڕێگەیە دژوار دەکەن. بانگەشەی سەرەکی وابەستەبون بە ڕێچکە ئەوەیە کە دەستپێکەکان زۆر گرنگن. ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن ناکۆکییە بچوکەکان دەتوانن بەدرێژایی کات بەهێز بن و دواتر لە ڕێکخستنە دامەزراوەییەکاندا ڕەنگبدەنەوە (Ibid). لێرەوە دەتوانین سەرنج بدەین کە ناسینی وابەستەبون بە ڕێچکە، ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی زەمانی[16] پاساو دەدات.

شتاینمۆ لە میتۆدی دامەزراوەگەرایی مێژوییدا، سەرنج دەداتە میکانیزمەکانی گۆڕانی دامەزراوەیی، و ئاشنابون بە ڕۆڵی ئایدیا و هزرەکان لە مێژو و سیاسەت بەگرنگ دەزانێت (Steinmo, 2008). بەواتایەکی تر فاکتی مێژوویی زنجیرەیەک ڕوداوی لەیەک دابڕاو نین، بەڵکو بەیەکەوە گرێدراون دەتوانن کاریگەری لەسەر یەکتر دابنێن، ئەگەرچی ماوەی نێوان هۆ و ئەنجام دور و درێژیش بێت (Pierson, 2004: 13-14).

ڕونکردنەوەی مێژویی ڕوداوەکانی گواستنەوە و گۆڕانە دامەزراوەییەکان ئەوە دەخوازێت کە ڕێڕەوەکە پێشتر دەستنیشان و دیارکراو نییە (پێشبینیکراو نییە). گۆڕانکاری دامەزاروەیی سەرەکی کە مەرجە بۆ گۆڕانکاری سەرەکی ئابوری، لەئەنجامی کار لەیەکترکردنی نێوان دامەزاوە هەنوکەیی و وەرچەخانە مێژوییەکان[17] دێتەدی (Acemoglu & Robinson, 431)[18].

لێرەدا سەرەتا ئایدیا تیۆرییەکانی ئاسمیۆگلو و ڕۆبینسۆن (٢٠١٢) کە بەدەربڕینی کۆمەڵناسی یۆنانی نیکۆس مۆزیلیس هەمان ئاستی تیۆریک یان پارادایمیکە[19]، دەخرێتە ڕو. پاشان لە ئاستی کۆنکریتی/ واقیعی (سێنتاگماتیک)دا[20]پشت بە ڕوداوە تایبەتەکانی کارکردی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان دەبەستین کە بۆتە ئاگایی و ئەزمونێکی گشتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان (موزیلس، ١٣٩٤: ١٢٦)؛ (Mouzelis, 2008: 109). بەگشتی گەڕانەوە بۆ مێژو گرنگییەکەی لەوەدایە کە ڕێچگەی دامەزراوەیی نەتەوەکان دادەڕێژێت. ساتە چارەنوس سازە مێژوییەکان، وەرچەخانی دامەزراوەیی و جیاوازییە دامەزراوەییەکان ڕون دەکاتەوە (Acemoglu & Robinson, 432). شێوازی ئێستای دامەزراوەکان لە هەر شوێنێک، بەتەواوی لەمێژوی ئەو وڵاتە سەرچاوە دەگرێت. چونکە بەپێی یاسای ئینێرسی[21] کاتێک کۆمەڵگەیەک بەشێوەیەکی دیاریکراو ڕێکخستن دەکات، حەز بە بەردەوامی ئەو دۆخە دەکات لە داهاتو.

## چوارەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

پێش ئەوەی بچینە ناو برگەی تاوتوێکردنی تیۆری توێژینەوە، ڕونکردنەوەی چەند چەمکێکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە تیۆریی ئاسیمۆگلو و ڕۆبینسۆن بەگرنگ دەزانرێت کە برتیین لە:
بەگشتی دامەزراوە[22] یەکێکە لە چەمکە زۆر بەکارهاتوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵناسی بەتایبەتی. هەر ئەو بەکارهێنانە بەرفراوانەی چەمکەکە، فرەمانایی و تاڕادەیەکیش ناڕونی مانایی دروستکردوە. جا بۆ دەربازبون لەو کێشەیە، لەم توێژینەوەیەدا، دامەزراوەکان وەک یاساکانی یاریی[23] لەبەرچاو دەگرین. وردتر، دامەزراوەکان ئەو ڕێسایانە کە مرۆڤ دایڕشتون چ فەرمی بن یان نافەرمی، کە دەرفەت دەڕەخسێنن و سنورداری دەسەپێنن تاکو کارلێکی نێوان مرۆڤەکان ڕێچکەی خۆی وەربگرێت. لەلایەکی تر دامەزراوەکان بریتیین لە سیستمی باوەڕ ونۆرمەکانی ڕێکخستن، کە بەیەکەوە کار دەکەن بۆ بەدیهێنانی نەزم و ڕێکی[24]لەڕەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان (Greif, 2010). بەڵام لەڕوانگەی ئێلینۆر ئۆسترۆم (٢٠١٠) دامەزراوە بریتییە لەو چەمک و تێڕوانینی هاوبەشی مرۆڤەکانە سەبارەت بە دۆخە دوبارەبوانەی کە بەپێی ڕێساکان و نۆرمەکان و ستراتیژییەکان ڕێکخراون (Ostrom, 2010). دامەزراوەکانی ڕێسا فەرمی و نافەرمییەکان دەگرێتەوە کە خەڵک لێیان تێدەگات و بەکاریاندەهێنن. ئەوان ڕێسای کارکردن (ئەوە بکە و ئەوە مەکە) بۆ تاکەکان دیاریدەکەن کە توێژەرەوەکان دەیانەوێت ڕونی بکەنەوە (Ostrom, 2011).

بەڵام هەلومەرجە دامەزراوەییەکان[25] ئەو چوارچێوە و قاڵبانەن کە لەشێوەی نۆرم و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانن کە کردەی بکەرانی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخەن. ئەو هەلومەرجانە لەهەمو ئاستەکانی گەورە وبچوکی (ماکرۆ و مایکرۆ) ژیانی کۆمەڵایەتی هەست بەبونیان دەکرێت. لەبەرئەوە، هەلومەرجەکان، کار و چالاکیەکانی مرۆڤ مەرجدار دەکەن لەهەمان کاتدا، دەرفەتیشیان بۆی دەڕەخسێنن. بۆیە ئەو هەلومەرجانە دو بەشن: بەشێکیان پارێزگاری لە تێکچونی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن؛ بەشەکەی تریان هانی گۆڕانکاری دەدەن. لەئەنجامدا هەلومەرجەکان، چەند فاکتەرێکی بونیادیین کە توانای بڕیارە گرنگەکانی ئەکتەرە کۆمەڵایەتی بەهێز یان لاواز دەکەن. هەندێک لە کۆمەڵناسانیش پێیانوایە ئەو هەلومەرجانە دو جۆرن: هەلومەرجی بنیادتنەر/ نەزمپێدەر و هەلومەرجی تێکدەر/ گۆڕەر (چلبی، ١٣٩٩). لەم

توێژینەوەیەدا هەلومەرجە دامەزراوەییەکان ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابورییانەن کە بەهۆی جۆر و کوالێتی دامەزراوەکان (ڕێسا فەرمی و نافەرمییەکان) لەشوێنێکی دیاریکراوە دەسەپێنرێن. ئەو بارودۆخانە دەکرێ هەم ببنە مایەی یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هاوولاتیان، لەهەمانکاتدا،دەکرێ بەشێوەیەکی نایەکسان بەسەر تاک و گروپەکاندا بسەپێنرێت. کەواتە دامەزراوەکان وەک ڕێساکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتین بەڵام خولیا و بەرژەوەندییەکانی بەرپرسانی دەزگایی، دەکرێ دامەزراوەکان لە داخراوە بکاتە کراوە یان بەپێچەوانەوە.

لەلایەکی دیکەوە، مەبەست لە دامەزراوەی کراوە[26] ئەو جۆرە دامەزراوەیە کە بە دروستکردنی پاڵنەرەکانی کار و بەرهەم و داهێنان، خۆشگوزەرانی[27] بۆ زۆرینەی گروپە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات. کەچی دامەزراوەی داخراو[28] ئەو جۆرە دامەزراوەیە کە پاڵنەرەکانی کار و داهێنان بۆ زۆرینەی خەڵک لاواز دەکەن و ڕێگەی بەدەستهێنانی دەسەڵات و سەرمایەی ئابوری بەڕوی زۆرینەی گروپە کۆمەڵایەتییەکان دادەخەن و تەنیا کەمینەیەک لێی بەهرەمەند دەبن. بەدەربڕینێکی تر، دامەزراوە داخراوەکانی چەوسێنەر و بەهرەکێش و قۆرخکارن. بەڵام دامەزراوە کراوەکان ئەو ئەگەرانە لاواز دەکەن.
کۆمەڵناسانی کلاسیک بایەخێکی زۆریان بە ڕۆڵ و بونیادی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی داوە. ئێمیل دۆرکایم لەپێشەنگی ئەو کۆمەڵناسانەیە کە ڕەگ و ڕیشەی نەزمی کۆمەڵایەتی[29] ودامەزراوەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ یاسا و گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام مایکل هیکتەر و هاوکارانی لەو باوەڕەدان کە پرسی دامەزراوەکان لە کۆمەڵناسییدا دەکرێ لەدو پرسیاردا کورت بکرێتەوە: چۆن دامەزراوەکان دروست دەبن؟ چۆن دەتوانن ببنە مایەی نەزم و جێگیری کۆمەڵایەتی؟ (Hechter, et. al, 1990). لەڕاستییدا پرسی دامەزراوەکان لای ئاسیمۆگڵو و ڕۆبینسۆن (٢٠١٢) دەچێتە خانەی هەر دو پرسیارەکە، کە بەشێوەیەکی بەرچاو بۆتە ئاراستەیەکی دیار بۆ گەشەپێدانی ئابوری و سیاسی. بەڵام ئەوان بەپێچەوانەی تیۆری نوێسازی[30] بیردەکەنەوە؛ تیۆری نوێسازی جەخت لەوە دەکاتەوە کە دامەزراوە سیاسیی کراوەکانی (دیمۆکراتیک) لە ئەنجامی گەشەپێدانی ئابوری دروست دەبێت. بەڵام ئاراستەی تیۆری ئاسیمۆگڵو ڕۆبینسۆن ئەوەیە کە دامەزراوە سیاسییە کراوەکان، دامەزراوە ئابورییە کراوەکانی دروست دەکەن (Acemoglu & Robinson, 443). بەواتایەکی تر، تێزی سەرەکی ئاسیمۆگڵو و ڕۆبینسۆن، ئەوەیە کە جۆری دامەزراوە سیاسییەکان ماهییەتی دامەزراوە ئابورییەکان دەستنیشان دەکەن.

لە بنەڕەتدا ئاسیمۆگلو و ڕۆبنیسۆن دەیانەوێت ڕەگەکانی نایەکسانی نەتەوە هەژار و دەوڵەمەندەکانی ئەمڕۆی جیهان ڕون بکەنەوە: بۆچی نەتەوەکان لە گەیشتن بە خۆشگوزەرانی شکست دەهێنن؟ لە توێژینەوەیەکەیاندا، بەمیتۆدی بەراوردکاریی- مێژویی، هەڵەسەنگاندن بۆ دۆخی دامەزراوەکان لە چەندین وڵات لە کیشورەکانی ئەمریکا (باکور، باشور، ناوەند) ئەوروپا، ئاسیا، ئەفریقا و ئوسترالیا دەکەن، بەجۆرێک بەڵگە و ڕوداوە مێژوییەکانی دەخەنەڕو کە ڕاستی تیۆرییەکەیان دەسەلمێنێن. پوختەی تیۆری ئاسیمۆگلو و ڕۆبینسۆن (٢٠١٢) ئەوەیە کە هۆکاری شکستی نەتەوەکان لە جۆری ئەو دامەزراوانەدایە کە لەو وڵاتەدا سەرهەڵدەدەن و حوکم دەکەن بەسەر خەڵکدا. ئەوان هەر لەسەرەتاوە سێ تێزی سەرەکی (جوگرافیا، کلتور، بێئاگایی سەرکردەکان) بۆ ڕونکردنەوەی نایەکسانی لە دەوڵەمەندی و هەژاری وڵاتان ڕەتدەکەنەوە: ئەوان لەپێشەکی کتێبەکایاندا، نمونەی وڵاتی میسر دەکەنە ئامانج: بۆچی میسر وڵاتێکی هەژارە؟ ئەو کۆسپانە چین، کە ڕێگرن لەوەی میسر خۆشگوزەرانتر بێت؟ ئایا دەکرێ میسر لەهەژاری ڕزگاری بێت؟ میسرییەکان چۆن ئەو پرسیارانەی دەدەنەوە؟ ئەوان بۆچی دژی موبارەک ڕاپەڕین؟ یەکێک لە خۆپێشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریر لەوەڵامدا دەڵێت: بونی سیستمی گەندەڵ کە دەبێ بگۆڕدرێت" (Ibid, 2). جا ئەوانەی لە هۆکاری جوگرافی دەکەن

دەڵێن: هەژاری میسرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی وڵاتەکە بیابانە و نەگونجاو بۆ کشتوکاڵکردن. هەندێکی تر هەژاری دەگێڕنەوە بۆ فاکتەرە کلتورییەکانی وەک ئەوەی ئیتیکی کار یان بیرباوەری ئاییی هاندانی ناکات و ناگونجێت لەگەڵ سەرکەوتنی [سەرمایەداری] ئابوری. سێیەمیان هەژاری دەگێڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایانی میسری کە نازانن چۆن وڵاتەکەیان بەرە خۆشگوزەرانی ئابوری بەرن و سیاسەت و ستراتیژییەکانیان هەڵەن. وەڵامی جێگرەوەی ئاسیمۆگڵو و ڕۆبینسۆن بۆ هەمو ئەوانە ئەوەیە کە: "لەڕاستییدا میسر بۆیە هەژارە، زۆر بەڕونی لەبەرئەوەی لەلایەن کەمینەیەکی سنوردار لە دەستەبژێران بەڕێوە دەبرێت کە لەسەر حیسابی زۆرینەی خەڵک لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان کۆمەڵگەیان ڕێکخستوە. دەسەڵاتی سیاسی لەدەستانی کەمینەیەکدا کۆکراوەتەوە، و بەمەبەستی کەڵەکەکردنی سامان.." (Ibid, 3)[31]؛ ئەو جۆرە دامەزراوانە پێشتریش لەسەردەمی عوسمانییەکان هەبون کە ڕێگریان دەکرد لەبڵاوبونەوەی دەستکەوتەکانی شۆڕشی پیشەسازی لەمیسر، هاوشێوەی ئەوەی دواتر موبارەک ئەنجامی دا (Ibid, 4). لە بڕگەیەکی تردا ئەوان ئەو تیۆرانە باس دەکەن کە وەڵام نادەنەوە. واتە ناتوانن کەیسی نایەکسانی وڵاتان لەڕوی سەروەت و سامان ڕونبکەنەوە. هەروەها نمونەی شاری نۆگاڵسی ئاریزۆنا (لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا) و نۆگاڵسی سۆنۆرا (لەمەکزیک) دەهێنەوە کە جیاوازی نێوان ئەو دوانە ناتوانێت لەکەش وهەواو جۆری ئەو نەخۆشییانە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو سنوری نێوانی ئەو دو وڵاتەیە کە دو جۆر دامەزراوەی لەم دیو وئەو دیوی سنورەکە دروستکردوە (Ibid, 49). لەبارەی گریمانەی کلتور، دەپرسن ئایا گریمانەی کلتور دەتوانێت نایەکسانی جیهانی ئەمڕۆکە ڕون بکاتەوە؟ لەوەڵامدا: هەم بەڵێ هەم نەخێر. بەڵێ، بەو مانای نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان گرنگی خۆیان هەیە و بەقورسی دەگۆڕێن و پشتیوانی لە جیاوازییە دامەزراوەییەکان دەکەن. نەخێر، چونکە لایەنە کلتورییەکان ناتوانن نایەکسانییەکانی جیهانی ئەمڕۆ ڕونبکەنەوە. بۆ نمونە دو شاری نۆگاڵس کلتوری یەکسانیان هەیە، ئەگەرچی جیاوازیش بەدیدەکرێت، بەڵام جیاوازییەکانی بەرهەمی گەشەپێدانە نەک هۆکاری. یان نمونەی دو کۆریا دەهێننەوە، کە پێشتر خاوەن کلتوری یەکسان بون، بەڵام ئەمڕۆ جیاوازی کلتوری لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت، بەڵام ئەمەش دیسان بەرهەمی دامەزراوەکانە نەک هۆکاریان بێت (Ibid, 57-58). گریمانەی سێیەم پێیوایە کە هۆکاری هەژاری ئەو وڵاتانە ئەوەیە فەرمانڕەواکانیان نازانن چۆن وڵاتە هەژارەکان دەوڵەمەند بکەن. بەڵام وەها گریمانەیەک لەباشترین باردا دەتوانێت کەمترین بەش لە نایەکسانی جیهانی ڕون بکاتەوە. بەشی زۆری ئەو تیۆرییە وا نییە چونکە زۆربەی فەرمانڕەواکانی ئەو وڵاتانە هۆشیارانە بەئاراستەی مانەوە لە دەسەڵاتدا ئەو سیاسەتانە پەیڕەو دەکەن (Ibid, 65-68).

ئاسیمۆگڵو و ڕۆبینسۆن پێیانوایە تیۆرەکەیان دەتوانێت ئەو هۆکارانەی خۆشگوزەرانی دروست دەکەن و هێواشی دەکەنەوە لەگەڵ بنچینە مێژوییەکەیان دیاری بکات (ئاسیمۆگڵو و ڕۆبینسۆن، ٢٠١٤: ٥٥٠). تیۆرەکەیان لە دو ئاستدا کار دەکات: ئاستی یەکەم، جیاکردنەوەی دامەزراوەی سیاسی و ئابوری چەوسێنەر لە دامەزراوە کراوەکان لەڕێگەی ناساندنی تایبەتمەندییەکانیان. ئاستی دوەم، دەربارەی ئەوەیە کە چۆن مێژو ڕێچکەی دامەزراوەیی نەتەوەکانی دادەڕێژێت (هەمان، ٥٥٠-٥٥١). پێشهات و ئەگەرە مێژوییەکان[32] ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پێکهێنانی دامەزراوە سیاسییەکان و کاریگەرییەکانیشی بۆ داهاتو هەر بەردەوام دەبێت (Acemoglu & Robinson, 21). دەستەیەکی سیاسی کراوە، دەتوانن گەشەسەندنی ئابوری دروست بکەن (بۆ نمونە ئەمریکا)؛ لەهەمانکاتدا، دەستەیەکی سیاسی چەوسێنەر یان داگیرکەر یان دەسەڵاتخواز، کارئەفراندن[33] سنوردار دەکەن، مافی خاوەندارییەتی و بیرۆکە داهێنەرەکان لاواز دەکەن (بۆ نمونە مەکزیک) (Ibid, 53). جیاوازی لە ڕێژەوە ئابورییەکانی نێوان دو کوریای باشور و باکور، نێوان دو نۆگاڵس (ئاریزۆنا و سۆنۆرا)، و نێوان دو ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، تەنیا لەڕێگەی جۆری ئەو دامەزراوە سیاسییانەی لەو وڵاتانەدا

کار دەکەن ڕون دەکرێتەوە نەک کلتور و جوگرافیا و نەزانی سەرکردەکان (Ibid , 62, 82). کەواتە چنگ گرتن بەدەسەڵات لەلایەن گروپێک یان حیزبێک، دەبێتە هۆی ناچالاک بونی دامەزراوە ئابورییەکان و دواجار شکستی ئەو نەتەوانە.

دەسەڵاتی سیاسی کراوە پشتیوانی لە بازاڕی ئازاد دەکات نەک بەپێچەوانەوە: بونی بازاڕ ئازاد خۆی بۆ خۆی مسۆگەری دامودەزگا سیاسیە کراوە و بەرفراوانەکان ناکات، چونکە ئەگەر بازاڕەکان بۆ میکانیزمی خۆیان جێبهێڵرێن، دەتوانن کرانەوە لەناوبەرن و بەشێوەیەکی ڕو لەزیادبو بکەونە ژێر کاریگەری خاوەن دەسەڵاتە ئابوری و سیاسییە جیاوازەکان.

ماهیەتی دەسەڵاتی سیاسی، لەهەمانکات کە دەبێ کراوە بێت تاکو گەشەپێدانی ئابوری دروست بکات، پێویستە توانای ناچارکردنیشی هەبێت بۆ هێنانەدی نەزم و ئاسایشی گشتی. ڕێگە بگرێت لە دزی و ساختەکاری وسزای تاوانباران بدات، و جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی هاوڵاتیان مسۆگەر بکات. بونی دامەزراوەی ئابوری کراوە تەنیا لەبونی دامەزراوە سیاسییە کراوەکاندا نییە، بەڵکو بونی حکومەتی بەهێز و خاوەن مەرکەزییەتیش پێویستە. کرانەوە و فرەیی سیاسی بێ گەڵاڵەکردنی دەسەڵات (دەسەڵاتی ناوەندی) بێنەزمی سیاسی بەدوای خۆیدا دێنێت. ڕێگری سەرەکی لەدروستکردنی دەسەڵاتی ناوەندی سیاسی لە کۆمەڵگە خێڵەکییەکاندا ترسانە لە گۆڕان. نەبونی دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندی، ئەگەرەکانی بەهێزبونەوەی نەزمی خێڵەکی[34] بەهێز دەکات (Ibid, 80). ئابوری کراوە پێویستی بەبونی حکومەتێکی بەهێز هەیە تاکو بتوانێت مافی خاوەندارییەتی تایبەت، سەروەری یاسا، خزمەتگوزاری گشتی (پەروەردە، تەندروستی، خزمەتگوزاری ژێرخانی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا ڕێگەوبان) دابین بکات، بەواتایەکی تر، حکومەت پێویستە دابینکەری سەرەکی نەزم، جێبەجێکردنی یاسا، پارێزەری خاوەنداریەتی و گرێبەستەکان، دابینکەری خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێت.

دەسەڵاتی سیاسی داخراو هەرچەندە بەهێزیش بێت، ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام بێت لەسەر گەشەپێدانی ئابوری، لەبەر دو هۆکار: أ. گەشەسەندنی ئابوری پێویستی بە نوێکاری هەیە (تێکدانی بنیاتنەرانە لەبواری ئابوری کە دواجار پەیوەندییە سیاسییەکانی دەشڵەژێنێت)؛ ب. ئەوانەی لەدەسەڵاتدان لەسەر حیسابی زۆرینەی کۆمەڵگە قازانجێکی زۆر دەکەن، ئەمەش هانی کەسایەتی و گروپەکانی دەرەوەی دەسەڵات دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئەو بەرژەوەندیانە و شەڕ کردن لەپێناو دەست خستنیان، ئەمەش ناسەقامگیری دروست دەکات (Ibid, 430).

دامەزراوە سیاسیە کراوەکان، بەشێوەیەکی خۆکرد بەدی نایەن و ناگۆڕێن، بەڵکو تەنیا ڕێگەی بەدی هاتینیان ناچارکردنیانە لەلایەن خەڵک (سیستمی دیموکراسی). ئەگەر دەسەڵات لەچنگی چەند کەسێکی یان گروپێکی دیاریکراو قەتیس بکرێت، ئەوا هیچ مانایاک بۆ سەروەری یاسا نامێنێت. باشترین ڕێگە بۆ مسۆگەری فرەیی دەسەڵات و ڕێگرتن لەقەتیسبونی، دیموکراسییە. و باشترین دیموکراسیش ئەوەیە کە خەڵک داوای بکات نەک وەک خەڵات پێیان بدرێت، هەنگاو بە هەنگاو لە چەند دەیەکدا بەرەوپێش بچێت (Ibid, 311, 317, 319).

دامەزراوە سیاسیە کراوەکان، گۆڕەپان بۆ یاریزانە سیاسییەکانی تەخت دەکەن. دامەزراوە سیاسییە کراوەکان ئەو دەزگایانەن کە دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی فراوان دابەش دەکات و لە توانایدایە لەپاڵ فرەییدا، ناوەندگەرایی سیاسی دەستەبەر بکات تاکو یاسا سەروەر بکات و ئاسایش کە بناغەی مافی خاوەندارییەتی جێگیر و ئابوری بازاڕە، دابین بکات (Ibid, 430). چونکە سەروەری یاسا کاتێک دێتەدی کە دەسەڵاتداران زیاد لەوەی کە گومانی بۆ دەبەن سنوردار بکرێن و کەس باڵاتر لە یاسا نەبێت، یاساکان بەشێوەی ئینتیقائی و هەرەمەکی جێبەجێ نەکرێن، هەموان لەبەردەم یاسادا

یەکسان بن. وەکچۆن دەبێ جیاوازییش بکرێت لەنێوان سەروەری یاسا و سەروەربون بەهۆی یاسا[35] (Ibid, 305-306). لەبەرئەوەی دامەزراوە سیاسیە کراوەکان فرەیی سیاسی پەسند دەکەن، پشت بە لۆژیکی سەروەری یاسا دەبەستن و پەیوەندییەکی توند هەیە لەنێوانیاندا. چونکە ئەوانەی لەسەر سفرەی دەسەڵات کۆدەبنەوە، هەمویان ئەو سنوردارییانە قەبوڵ دەکەن، نەکا لایەنێک دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت و بنەمای فرەیی سیاسی بلەرزێنێت، بۆیە ناچارن ئەو کۆت وبەندانە قەبوڵ بکەن و لەبەرامبەر قۆرخکاری دەسەڵات بوەستن (Ibid, 306-307).

دامەزراوەکان فیدباکی بازنەیی تایبەت بە خۆیان دروست دەکەن. بۆ نمونە کاتێک دامەزراوە سیاسییەکانی ئاراستەیان لە کراونەوە و فرەیی بێت ئەوا بازنەی بەختەوەری[36] و فیدباکی پۆزتیف دەداتە میکانیزمەکانی: ١. ئەگەر دامەزراوەی سیاسی ڕوی لە کراونەوە و فرەیی بو، بەهۆی چەندین میکانیزمێکی ناوخۆیی دامەزراوە کراوەکانی، ڕێگە دەگرێت لەوەی کەسێک یان گروپێک دەستبگرن بەسەر دەسەڵاتدا؛ ٢. چونکە دامەزراوە سیاسییە کراوەکان حەزیان لە دامەزراوە ئابورییە کراوەیە و پشتیوانی لێدەکەن، دامەزراوە ئابورییە کراوەکان پەیوەندییە چەوسێنەرەکانی هەڵدەوەشێنەوە و لەبەهای مۆنۆپۆلکردن کەم دەکەنەوە و ڕێگەدەگرن کە بەرژەوەندییە ئابورییەکان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە کۆنترۆڵ بکرێت (Ibid, 332-333). بەپێچەوانەوە دامەزراوە سیاسییە داخراوەکان، بەهۆی بونی ئاراستەی دژەکرانەوە، بازنەی بەدبەختی[37] ناهەمواری دروست دەکەن و فیدباکی نێگەتیف دەدەنە میکانیزمە ناوخۆییەکانی دامەزراوە سیاسییە داخراوەکان. وەکچۆن ڕێچکەی مێژویی شتێکی حەتمی نییە، بۆیە هەڵگەرانەوە یان تێکشکاندنی ئەو بازنانەش شتێک نییە نەکرێت (Ibid, 365).

وەکچۆن کرانەوەی سیاسی کرانەوەی ئابوریش بەدوای خۆیدا دێنێت، ئەمەی دوایش سیستمێکی پەروەردە دەخوازێت کەپاڵپشتی لە بیرۆکە وداهێنانەکان بکات. لەوڵاتێکی داخراوی سیاسی، کە خەڵکەکەی لەهەژارییدا دەژین، سیستمی پەروەردە ناتوانێت پاڵنەرەکانی داهێنان لەبواری ئابوری بۆ دەرچوانی زانکۆ دروست بکات. بەپێچەوانەوە لە وڵاتێک کەدەسەڵاتی سیاسی کراوەیە، سیستمی پەروەردە بەشێوەیەکی باش بۆ هەموان بەردەستە، پاڵنەرەکانی داهێنان بۆ دەرچوانی دروست دەکات. بەواتایەکی تر، پەروەردە لە خزمەت گەشەپێدانی ئابوریدایە. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەرهەمی زانست و پسپۆرییە: تەکنەلۆژیا پەیوەندییەکی توندی بە پەروەردە، بەهرە و تواناکان، پسپۆڕی پیشەیی و زانستی هێزی کارەوە هەیە کە لە قوتابخانە، ماڵ، شوێنی کارکردن وەردەگیرێن. تەکنەلۆژیا بەتەنیا بەس نییە بۆ گەشەی ئابوری، بەڵکو شارەزایی کارمەندانیش بۆ بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیانەش زەرورییە کە ئەویش لەڕێگەی پەروەردەوە دەستەبەر دەبێت. ئەوە پەروەردە و ئاست و توانای  هێزی کارە کە شارەزایی زانستی دێنێتە ئاراوە. لەبەرئەوە ئاستی پەروەردە لە وڵاتانی هەژار بەرهەمی ئەو دامەزاراوە ئابوریانەیە کە ناتوانن باوان بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان هانبدات. ئەمەش خۆی لەبەر بونی دامەزراوە سیاسییەکان کە لەناچارکردنی حکومەت بۆ دروستکردن و پشتیوانی دارایی لە قوتابخانەکان و باوان شکستی هێناوە ( Ibid, 74, 317). دامەزراوە ئابورییە کراوەکان زەمینەی لەبار بۆ خۆشگوزەرانی ئابوری دروست دەکەن کە هێنانەدی تەکنەلۆژییە بنەڕەتییەتییەکانە. گەشەی ئابوری بەردەوام هەمیشە لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانە لە بواری بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری. پرۆسەی نوێگەری لەبواری تەکنەلۆژیا بەهۆی دامەزراوە ئابورییەکانەوە دەرەخسێت کە خاوەندارییەتی تایبەت هانیان دەدات، پشتیوانی لە گرێبەستەکان دەکات، زەمینی تەخت بۆ وەبەرهێنەرانن فەراهەم دەکات و پێشوازی لەو کاروپیشانە دەکات کە تەکنەلۆژیای تازەکان دەیخەنە ناو ژیانی خەڵکەوە ( Ibid, 76-77).

## پێنجەم: ئەنجامەکان و شیکردنەوەی هەلومەرجە دامەزراوەییەکان هەرێمی کوردستان

وەک پێشتر باسکرا، هەلومەرجە دامەزراوەییەکان بە دو ئاراستە کار دەکەن: لە لایەک تواناسازن ودەرفەت بۆ کارەکتەرەکان کۆمەڵایەتییەکان دەڕەخسێنن و بەتوانایان دەکەن؛ لەلایەکی دیکەوە ڕێگریان لێ دەکەن و ئازادییەکانیان سنوردار دەکەن. ئەگەر دامەزاوەکان وەک تۆڕێک لەبەرچاو بگرین[38]، کێ لێی دەرباز دەبێت و سود لە هەل ودەرفەتەکانی وەردەگرێت؟ ئەی ئەوانەی لە تۆڕەکەدا گیر دەکەن ناتوانن لێی دەباز بن ئەوانە کێن؟ بەدەربڕینی نوسەرانی کتێبی "بۆچی نەتەوان شکست دەهێنن؟" دامەزراوەکان دەتوانن بازنەی بەختەوەری یان بازنەی بەدبەختی و کوێرەوەری بۆ نەتەوەکان دروست بکەن. بۆ ئەوەی زیاتر لە هەلومەرجە دامەزراوییەکانی حکومەتی هەرێم تێبگەین، شیکردنەوەیان دەکرێتە سێ بەش: ١. ڕوداوە مێژوییە چارەنوسسازەکان؛ ٢. مەرج و سنوردارییەکانی دامەزراوەکان؛ ٣. هەل ودەرفەتەکانی دامەزراوەکان.

### ١. ڕوداوە مێژوییە چارەنوسسازەکانی مێژوی کورد:

لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە هەلومەرجە دامەزراوییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاریگەری هەلومەرجە دامەزراوەییەکانی حکومەتی عێراق وەک بەڵگەنەویست سەیر دەکات، چونکە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لەخاکی عێراق هەژمار کراوە. لەساڵی ٢٠٠٣ دا بەشێوازێکی تر (پەیوەندییە فیدراڵییەکان) کاریگەریی دامەزراوەکانی دەوڵەتی ناوەندی دەستپێدەکاتەوە. بۆیە زۆر بەکورتی باسی کاریگەری هەلومەرجە دامەزراوەییەکانی دەوڵەتی عێراق دەکەین لە سەر ڕوداو و دامەزراوەییەکانی هەرێمی کوردستان.

فاکتەرە دەرەکییەکانی وەک داگیرکاری ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە دروستکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان (Natali, 2010)؛ ( Khalid, 2021). لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) دەوڵەتی عێراق، لەسێ ویلایەتی عوسمانی (بەسرە، بەغداد، موسڵ) لەلایەن هێزی داگیرکەری بەریتانیانی دەوڵەتی نوێی عێراق دروست کراوە (یوکسەڵ، ٢٠٢٣: ٣٤٠، لە بۆزئەرسەلان و هاوکارانی، ٢٠٢٣، بەرگی یەکەم). بەڵام ئەو پێکهاتەیە نوێیە دامەزراوەییە بەبێ ویستی کورد هاتۆتەدی. بۆیە کورد لەماوەی سەدەی ڕابردو لەناو دەوڵەتی عێراق ١٩٩٢ لە دژی دەسەڵاتی ڕژێمە چەوسێنەرەکان خەباتی کردوە. بەواتایەکی تر، کورد دژە دامەزراوە بوە[39] و کاری کردوە بۆ تێکدانی کاری دامەزراوەکانی دەوڵەتی ناوەندی (عەلائەددین، ٢٠١٣: ٢). چونکە کورد بەگومان بوە لە پرۆژەکانی مۆدێرنسازی لەکوردستان[40]. پشتگوێخستنی داخوازییەکانی کورد لەلایەن بەریتانیا و تورکیا (١٩٢٦) نیگەرانی زۆری بۆ کورد دروستکرد و بوە هۆی نەگونجانی لە قەوارەی دەوڵەتی نوێدا. بۆیە هەر لەسەرەتاوە کورد هەوڵی بەرگری چەکداری و دەرچون لەبڕیارەکانی داوە و ویستویەتی سەربەخۆ بێت لە هەولومەرجە دامەزراوەییەکانی دەوڵەتی نوێ. بۆنمونە دەتوانین ئاماژە بە شۆڕشی شیخ مەحمود (١٩١٨) و بارزانییەکان (١٩٣١-١٩٣٢) بکەین (یوکسەڵ، ٢٠٢٣: ٣٤١-٣٤٣). بەڵام ئەو شۆڕشانەی کورد لەلایەن هێزی ئاسمانی بەریتانییەوە سەرکوتکراون، ئەمەش دۆخێکی بەردەوامی نائارامییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی لە کوردستان دروستکردوە و گوزەرانی خەڵکی سەخت کردوە. ڕوداوەکانی تری وەک دروستبونی کۆماری مەهاباد (١٩٤٦) کۆتایی پێهێنانی دوای چەند مانگ لەهەمان ساڵ ڕۆیشتنی مەلا مستەفا بۆ یەکێتی سۆڤیەت، کۆدەتای عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨) گەڕانەوەی مەلا مستەفا (١٩٥٩)، تێکچونی پەیوەندییەکان لەگەڵ قاسم (١٩٦٠-١٩٦١)، سەرهەڵدانەوەی شۆرشی چەکداری گەرمتر کرد. بۆیە سەدەی ڕابردو پڕیەتی لە ململانی و شەڕی کورد لەگەڵ

دەوڵەتی ناوەندی. ئەو ململانێیە لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، دەگاتە ئاستێک کە دەوڵەتی عێراقەوە پەنا بۆ کارەساتی کۆمەڵکوژی (کیمیاباران و ئەنفالکردن)ی کورد دەبات.

لەبەرئەوەی هەلومەرجە دامەزراوەییەکانی دەوڵەتی عێراق لە کوردستان نەبونە مایەی ڕەزامەندی کورد و بگرە ئەو هەلومەرجانە چەوسێنەرانە و داپڵۆسێنەر بون. لەدوای شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩٠ و شکستی سوپای عێراق لەو جەنگەدا، هەلومەرجی دامەزراوەکانی حکومەتی عێراقی لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەنەوە لەهەرێمی کوردستان کۆتاییان هات و هەلومەرجی دامەزراوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست پێدەکات. ئێستا کوردستان دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ بۆتە خاوەنی ئەزمونی دامەزراوە خۆماڵییەکان، کە ئەمە بۆ کورد لەعێراق وناوچەکە دیاردەیەکی نوێ.

کەواتە هەلومەرجە دامەزراوەییەکانی دەوڵەتی عێراق لە کوردستان، هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە (١٩٢١) تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) ، قۆناغ دوای قۆناغ زیاتر بونەتە مایەی دارمانی بونیادی کۆمەڵگەی کوردی لەڕوی سەرچاوە مرۆیی و سروشتی و ئابورییەکانەوە. بەڵام دوای ڕوخانی دەوڵەتی عێراق (٢٠٠٣) لەسەر دەستی داگیرکەرانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، جارێکی تر دامەزراوەکانی دەوڵەت لەژێر چاودێری هێزە داگیرکەرەکان بینات دەنرێنەوە. لێرە بەدواوە، هەلومەرجە دامەزراوەییە فیدراڵییەکان دەستپێدەکەن. ڕونتر، پەیوەندییەکانی نێوان کورد و دەوڵەتی ناوەندی دەچێتە قۆناغی دەوڵەتی فیدراڵییەوە کە نیمچە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە دەستوری عێراقی (٢٠٠٥) جێگیر دەکات.

ئەگەرچی دامەرزاوەکانی هەرێمی کوردستان لەدوای لاوازبونی دامەزراوەکانی دەوڵەتی ناوەندی بەهۆی داگیرکردنی کوێت و ئابلۆقەی ئابوری نەتەوە یەکگرتوەکان هاتەدی، بەڵام مانەوەی لەژێر چاودێری هێزە نێوەدەوڵەتییەکاندا بوە. لەدوای دروستبونی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢، لەلایەن دو هێزی سیاسی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆنترۆڵکراون. ملمڵانێی نێوان ئەو دو هێزە دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردو. چەندین ڕوداو ،کاریگەری خۆیان هەبوە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دو هێزە (خشتەی ژمارە ٢).

خشتەی ژمارە (٢) ڕوداوە مێژوییە کاریگەرەکان لەسەر پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی ڕون دەکاتەوە[41]

| پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی | ساڵی |
|---|---|
| ناکۆکی و جیابونەی مەکتەب سیاسی لەپارتی | ١٩٦٤-١٩٦٨ |
| نسکۆی شۆڕش و دەستپێکردنەوەی | ١٩٧٥ |
| شەڕی براکوژی | ١٩٧٨ ودواتر |
| کیمیاباران و ئەنفال | ١٩٨٨ |
| ڕاپەڕین و هەڵبژاردن | ١٩٩١-١٩٩٢ |
| شەڕی ناوخۆ و ئاشتی | ١٩٩٤-١٩٩٨ |
| ریفراندۆم و لەدەستدانی ناوچەکان | ٢٠١٧ |

هەرکام لەو ڕوداوانە، کاریگەریی خۆیان هەبوە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان باڵی مەکتەب سیاسی پارتی بەسەرۆکایەتی برایم ئەحمەد - جەلال تاڵەبانی و مەلا مستەفا - هێزەکانی پێشمەرگە (ئاکرەیی، ٢٠٢٣: ٢١٤). پاش دروستبونی یەکێتی (١٩٧٥)، ڕوداوەکان ئاراستەی خوێناوی وەرگرت، بەڵام پێش وپاش ڕاپەڕین جارێکی تر لەبەرەی کوردستانی، بڕیاریان دا بەیەکەوە کار بکەن بۆ ئیدارەدان و دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بێمتمانەی نێوانان بو بەهۆی

لاوازکردنی ڕۆڵی دامەزراوەکان لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوانیان. دوای دروستبونی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دو حیزبە بەرەو شەڕی براکوژی و کارەساتی خوێناوی وەک شەڕی هەکاری (١٩٧٨) لێکەوتەوە (ڕەشید، ٢٠٢٠: ١٨٢). ئەمە بو بە ڕێچکەیەک لە پەیوەندییە سیاسییەکان نێوان ئەو دو حیزبە، بەجۆرێک کە لەدامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگ داوەتەوە. نەبونی متمانە لەنێوان دو حیزبی دەسەڵاتدار و ئەزمونی تاڵی ڕابوردویان لەگەڵ یەکتر، ئاگری دوبەرەکییە دامەزراوەییەکانی ئەمڕۆ خۆش کردوە. کەواتە شێوازی ئێستای ئیدارەدان و حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستان لەژێر کاریگەری پەیوەندییە مێژوییەکانی نێوان دو حیزب دایە. دابەشکردنی دامەزراوەکانی بەشێوەی نیوەبەنیوە و دو ئیدارەیی لەمامەڵەکردن لەگەڵ داهات دەسەڵات، ڕواڵەتی ئاشکرای واقیعی ئەو پەیوەندییە مێژویانەی نێوان دو حیزبە لە دامودەزگاکانی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکانی دادوەری دەردەخات.

## ٢. مەرجە دامەزراوییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، لەدوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢ لەهەردو هێزی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دروستبو. هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان وەک یەکێک لەسەرکردە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن ئاماژەی پێدەکات، بۆ دیموکراسی و کرانەوەی سیاسی نەبوە، بەڵکو بۆ سەلماندنی هێزی خۆیان بوە لەبەرامبەر یەکتر (مستەفا، ١٩٩٥). دەرئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە بۆماوەی کەمتر لە دو ساڵ زۆر بەزەحمەت بەردەوام بو. واتە دامەزراوەکانی زۆر لەوە لاوازتربون بتوانن هەلومەرجی خۆیان بەسەر دو حیزبی دەسەڵاتدار بسەپێنن، بەمەش ڕێچکەی پەیوەندییەکانی پێشویان بەردەوام بو؛ شەڕ بۆ یەکترسڕینەوە. ئەوە بو شەڕی براکوژی (١٩٩٤-١٩٩٨) بو بە هۆی لەناوبردنی هیوا و ئومێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەدامەزراوەکان لەناوەوە و دەرەوە. بەواتایەکی تر، زەمینەی لەباری کاری دامەزراوەکانی پەرلەمان و حکومەت بەیەکجاری کۆتایی هات و هەڵبژرادن بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی ڕەوا تاکو ساڵی ٢٠٠٥ لەئارادا نەما. ناجێگیری سیاسی، بارودۆخی ناهەمواری ئابوری بەدوای خۆیدا هێنا. بەدەربڕینێکی تر، بونیادی سیاسی و دامەزراوەیی ناجێگیرە و بەکەمترین ناکۆکی سیاسی ئەگەری داڕمانیان هەیە (ساڵح، ٢٠٢٠).

تاپێش ڕێکەوتنی واشنتۆن (١٩٩٨) لەنێوان یەکێتی و پارتی، دۆخی ئابوری خەڵکی کوردستان سەخت بو. خەڵکی هەرێمی کوردستان لەژێر قورسایی دو ئابلۆقەی ئابوری نەتەوە یەکگرتوەکان و حکومەتی بەغدا لەدۆخیکی ناهەمواردا ژیانیان بەسەر دەبرد. موچە نەبو بۆ فەرمانبەران، بێسەروبەری و پشێوی کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەدیارترین نیشانەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو هەرێمی کوردستان بو. ترس و دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری، دزی و تاڵان و دروستبونی گروپی مافیایی لەشارەکان کە کەس نەیدەتوانی دۆخەکە کۆنترۆڵی بکات (مستەفا، ١٩٩٥).

کەواتە بەهۆی دو ئیدارەییەوە، داهات و هێز لەدەستی دو حیزبدایە نەک دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەمەش هەلومەرجە دامەزراوەییەکان دەکەونە ژێرڕکێفی دو حیزب. بەگوتەی یاسین ساڵح (٢٠٢٠)، حیزب وەک ڕێکخراوێک پێش لەدامەزراوەکان دروست بوە، دەسەڵاتی لە سەروی دامەزراوەکانەوەیە و دەتوانن دەستێوەردان لە دامەزراوەکان بکەن و ئەو هەلومەرجانە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بسازێنن.

ئینجا لەبەرئەوەی داهاتە گشتییەکان ناچنەوە خەزێنەی حکومەت، کەواتە دو حیزب دەتوانن تۆڕەکانی پاترۆنیج (سەروەر-خزمەتکار) بهێڵنەوە کە دەتوانێت پشتیوانێکی باش بێت بۆ مانەوەی دۆخی هەنوکەی دامەزراوەکان. ئەو داهاتانە چەند جۆرێکن: لە گرنگترینیان داهاتی نەوتە پاشان داهاتی دەروازە سنورییەکان و گومرگ و باجە. بەدەبڕینی

ناتالی بەردەوامی بەرژەوەندی تۆڕی پاترۆنیج (سەروەر-خزمەتکار) کۆسپە لەبەردەم گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی دامەزراوەکان. ئەمەش ئەو ڕێچکەیە کە وەک بازنەیەکی ناهەموار کار دەکات و ئەگەری چاکسازی دامەزراوەیی پەکخستوە (Anaid, 2019) (Natali, 2010).

بۆیە لێرەدا لەژێر ڕۆشنایی برگەی یەکەمی تیۆرییدا دەتوانین بڵێین: هەر لەسەرەتاوە دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان نیوە بەنیوە لەنێوان دو حیزب دابەشکراوە. کرانەوەیەکی بەشی سیستمی سیاسی تەنیا تا ساڵی ٢٠٠٩ ڕویدا کە بۆ یەکەمجار بزوتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٩ توانی بازنەی داخراوی سیاسی تێکبشکێنێت و توانی بچێتە پەرلەمان و ڕەوتی ئۆپۆزیسۆن لەهەرێمدا بەهێزتر بکات. بەڵام جومگەکانی دەسەڵات (پارە و هێز) تاکو ئێستاش هەر لەژێر دەستی ئەو دو حیزبەدایە. سیستمی سیاسی بەمانا فۆرماڵییەکەی لەهەرێمی کوردستان کراوەیە و حیزبی سیاسی تر دەچنە پەرلەمان و هەتا هەندێکیان لە حکومەت بەشدار دەبن، بەڵام ئەو بەشدارییە تەنیا ڕواڵەتییە لەڕاستییدا بێ دەسەڵاتن (Arif, 2022: 8).

سەبارەت بە تایبەتمەندی ناوەندگەرایی دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی ناوەندی بەهۆی دو ئیدرایییەوە هەمیشە لەلاوازبوندایە. بەجۆرێک هەرکام لە حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە زۆنی خۆیاندا دەتوانن دامەزراوەکان ئاراستە بکەن بێ ئەوەی حیزبەکەی تر هیچ گلەییەک بکات لەوەی کە ڕو دەدات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی پەکەکەش لەهەرێمی کوردستان لەهەندێک ناوچەدا دەسەڵاتی ئەمری واقیع پیادە دەکات و بەشێکی زۆریش لەخاکی کوردستان بەهۆی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا نەماوە. لەهەمان کات پرسی دەسەڵاتی ناوەندی بەهۆی بونی بونیادی خێڵەکی لەناوچەکانی هەر زۆنێک، بەهۆی بەشدارییان لە هێزەکانی پێشمەرگە، کۆنترۆڵی دەسەڵاتی حکومەت، وەک جێبەجێکردن یاسا لەوناوچانە پەک دەخەن. بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین، تێکەڵاوییەک هەیە لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان لە جیاکردنەوەی کارێکی ئەستەمە. چونکە خێڵەکان حەزیان لە دەسەڵاتی ناوەندی نییە، بۆیە دەسەڵاتی سیاسیش ناتوانێت دەسەڵاتێکی ناوەندی بێت (شکرچی و عمر ، ١٣٩٩).

هەرچەندە حکومەتی هەرێم تا پێش ٢٠١٣ توانی بۆ ماوەیەکی کورت خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک دروست بکات، بەڵام بەهۆی قەیرانە یەک لەدوای یەکەکان نەیتوانی بەردەوامی بە خۆشگوزەرانی خەڵک بدات. بەواتایەک، حکومەت لەهەندێک بواری وەک دابینکردنی موچە و هەندێک لەخزمەتگوزارییەکان، توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نەبوە. باشترین نمونە کەرتی خزمەتگوازی کارەبایە، کە تاکو ئێستاش کارەبای نیشتیمان کێشەی زۆری تێدایە. هەندێک ناوچە بەتایبەتی لەوەرزی هاوین، بەدەست بێئاویی دەناڵێنێت. هێشتا خەڵک بەهۆی خراپی ڕێگاوبانەکان، گیان لەدەست دەدەن. لە کەرتی تەندروستی و دەرمان، کەبەجۆرێک درواتە دەستی کەرتی تایبەت، بەڵام خەستەخانەکان گشتییەکان بەدەست کەمی دەرمان دەناڵێنن. ئەو کێشانە لە کەرتی خوێندنیش دەبنرێت، بەتایبەتی لە بواری بینایە و نەبونی مامۆستا و خزمەتگوزارییەکانی تر.

لەهەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی سیاسی ئەگەرچی بەرهەمی هەڵبژاردنە، کە خۆی لەخۆیدا ڕواڵەتێکی دیموکراسییە (دیموکراسی فۆرماڵی)، بەڵام یاریزانە سەرەکییەکان هەر لە شوێنی خۆیانن و هەمیشەش براوەی هەڵبژاردنەکانن. بەواتایەک هەڵبژارادنەکان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان لەپێکهاتەی سیاسی هەرێم دروستنەکردوە. وەک لە زۆربەی وڵاتانی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێبینی دەکرێت، دیموکراسی خواستی خەڵک نییە بەڵکو دەسەڵاتداران لەژێرفشاری نێودەوڵەتی ئەو کارە دەکەن. وەک لە عێراق دیموکراسی خەڵاتێکی هێزە داگیرکەرەکان بو کە لەسەرەوە سەپێنراوە بەسەر خەڵکدا. لەوەها دۆخێکدا دیموکراسی ناتوانێت جێگیر بێت. لەهەرێمی کوردستانیش دەسەڵاتداران هەمیشە کاریان بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکانی کردوە و هیچ فشارێکیشیان لەسەر نەبو لەلایەن خەڵکەوە. لە ساڵێ ١٩٩٢ کە هەڵبژاردن کرا تا ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژاردنی تر ئەنجام نەدرا. سەرەڕای ئەوەی کە دەرئەنجامی هەڵبژاردن کە پەرلەمان بو، نەیتوانیوە وەک هێزێک کە نوێنەرایەتی خەڵک دەکات، فشارێکی ئەوتۆ لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکار دانێت.

کەواتە دوای ئەوەی کە یەکەم کۆڵەگەی دیموکراسی کە هێزی خەڵک و هێزی دامەزراوەی نوێنەرایەتییە لەکار دەکەوێت، کۆڵەگەی تری دیموکراسی سەروەری یاسایە. دەسەڵاتی دادوەری وەک ئامرازێک ماوەتەوە بەدەست دەسەڵاتداران و بەدامەزراوەیی نەبوە (عەلائەددین، ٢٠١٨). بەواتایەکی تر، لەهەرێمدا لەجیاتی سەروەری یاسا، سەروەربون دەسەڵاتداران بەهۆی یاساوە لەئارادایە. سەروەری یاسای بەواتای ئەوەی کە دەسەڵاتداران زیاد لەوەی گومانی بۆ دەبەن سنوردار بکرێن، بەڵام لەهەرێمی کوردستان دەسەڵاتداران خۆیان متمانەیان بە دادگاکان نەماوە، ئەوەندە لەژێر کاریگەرییەکانی ئەواندان کەگومان بونی شتێک بەناوی سەروەری یاسا دەکەن[42]. کەچی هۆکاری سەرەکی ئەو بێ متمانەییە بەدادگاکان خۆی لە خۆیدا لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە دروست بوە. ئەوان لەڕێگەی فشارەکانەوە، دەتوانن بڕیارەکانی دادگاکان بگۆڕن یان بوەستێنن (شکرچی و عمر، ١٣٩٩).

ئابوری کوردستان ئابورییەکی کشتوکاڵییە کە پەیوەندی بەهێزی دەرەبەگایەتی تێدا هەبوە کە تاکو ئێستاش پەیوەندییە عەشیرەتگەرییەکانی هەر ماون (قاسملو، ٢٠١٤) چەوشاندنەوەی دەرەبەگایەتی ئاغا-شێخ، کە سیمای دیاری کۆمەڵگەی کوردستان بو. بەکورتی، وەک کۆمەڵناسی تورک ئیسماعیل بێشکچی لەبارەی دواکەوتوی ئابوری کوردستان (ئانادۆڵی ڕۆژهەڵات) دەڵێت سەبارەت بە ئابوری کوردستانی عێراقیش دەکرێ ڕاست بێت: " بەواتایەکی دیکە، ناتوانین بڵێین بەهۆی سیستمێکی پاشماوەی چاخی نێوەڕاست وبونی ئاغا، شێخ و سەرۆك خێڵ، ڕۆژهەڵات دواکەوتوە. لەئەنجامی سیاسەتە ئابوری وکۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتدارانە کە ئەو دامەزراوانە هێشتا ماون. پشتگوێخستنی ڕۆژهەڵاتیش هەر ئەنجامی ئەو سیاسەتانە بوە" (بێشکچی، ٢٠٢٣)؛ (یادرگی، ٢٠٢٣؛ لە: بۆزئەرسەلان و هاوکارانی، بەرگی یەکەم). ڕونتر، سیاسەتەکانی سەنتراڵیزە و بەرۆژئاواییکردن و ڕیفۆرمی دەزگایی سوڵتانەکانی عوسمانی لەسەدەی نۆزدە، بونیادەی ئیدارییە کوردییە کۆنەکانی وەک میرنشینەکان لەکوردستان بەرەو هەڵوەشانەوەی چون کە ئەمە یەکەم دەزگای فەرمی بوە لەسەر ئاستی ناوچەکانی کوردستان. دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە ئیدارییە ئابورییانە، کۆنفدراسیۆنە خێڵەکییەکان جێگەی ئەو قەوارە سەربەخۆیانەیان گرتەوە (هەمان سەرچاوە). بەواتایەکی تر، هەڵوەشانەوەی دەرەبەگایەتی میرەکان گۆڕا بۆ دەرەبەگایەتی خێڵەکی و سەرۆک خێڵەکانی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی.

دوای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە هەرێمی کوردستان، بەشێک لە گوندنیشنان و لەژێر کاریگەری خوێندەوارانی شار، کەوتنەژێر کاریگەرییەکانی ئایدیۆلۆژیای مارکسی- لینینی وماویزم بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە چەوساندنەوەی چینی دەرەبەگ. ئەو چەوساندنەوەیە تاکو پێش نسکۆی شۆرشی ١٩٧٥ هەر بەردەوامی هەبو، ئەگەرچی لەقۆناغی دواتر سیستمی بێگاری و بەهرەکێشی بو بە سیمایەکی دیار لە کۆمەڵگەی کوردی، دواتر لەلایەن سەرۆک خێڵ و سەرکردەکانی حیزبە سیاسییەکان ئەو چەوساندنەوەیە بەشێوەیەکی مۆدێرنتر بەردەوامی پێدرا بەتایبەتی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو ئەو کاری بێگاری بەخەڵک دەکرا بۆ گواستنەوەی هێزی چەکداری بۆ شەرێ ناوخۆ.

پاش ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس (٢٠٠٣)، ئەگەرچی پەسندکردنی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان (٢٠٠٦) بوە هۆی ئەوەی ئابوری هەرێمی کوردستان بەئاراستەی بازاڕی ئازاد هەنگاو بنێت و وەبەرهێنانی دەرەکی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردوە، بەڵام ئەمە کارێکە هەروا ئاسان نەبو، بەڵکو ڕێگرییەکانی بونیادی کۆمەڵگەی کوردی ئەو پرۆسەیەی کردە گۆڕانێکی ڕواڵەتی. لەلایەکی تر، بەهۆی ئەوەی بونیادی ئابوری عێراق لەسەر پارەی نەوت دامەزراوە، وابەستەبونی خەڵک بە موچەخۆری دەوڵەت زیادیکردەوە. ئەم سیاسەتە ئابوریەش بەشێوەیەکی زۆر نەشیاوتر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەردەوامی پێدرا کە پێشینەکەی بۆ حکومەتی ناوەندی دەگەڕێتەوە. بەڵام بەرزی و نزمی نرخی نەوت ناجێگیری بۆ ئابوری هەریم دروستکردوە (Anaid, 2019; in Anaid & Tugdar) بەتایبەتیش بەهۆی سەرهەڵدانی داعش لەسوریا و عێراق، ونرخی نەوت دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. دواجار ئەمەش زیانێکی زۆری بە ئابوری هەرێم گەیاند کە تاکو ئێستاش هەڵنەستاوەتەوە.

وەک لە تێزەکانی ئاسیمۆگڵو ڕۆبینسۆن (٢٠١٢) دا دەردەکەوێت، دامەزراوەی ئابوری لەژێر کاریگەرییەکانی دامەزراوەی سیاسییدا ڕەنگڕێژ دەبێت. لۆژیکی دامەزراوەکانیش ئەوەمان پێدەڵێت کە دامەزراوەی کراوە حەزی لە ئابوری کراوەیە. بەڵام لەهەرێمی کوردستان چونکە سەرچاوەکانی دەسەڵات هەمیشە لای دو حیزب بوە، بۆیە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی ڕاستەقینە تەنیا لەنێوان دەستەیەکی سنورداردا دەسوڕێتەوە ودەستاو دەست دەکرێت. سەبارەت بە ئابوریش هەر وایە. ئەمڕۆ خاوەندارییەتی پرۆژە گەورەکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی، هی کەسە دەستڕۆیشتوەکانی ناو دو حیزبی دەسەڵاتدارن. ئەمەش گومان دەخاتە سەر سروشتی بازاڕی ئازاد. بازاڕ و کەرتی بازرگانی، هێنان و بردنە دەرەوە لەلایەنی کەسە دەسڕۆیشتوەکانی ناو دو حیزبی کۆنترۆڵکراوە. بازاڕی خانوبەرە و کەرتە تایبەتەکانی تەندروستی و خوێندن بەهەمان شێوەیە. ئەگینا کەرتی تایبەت هاتوە بۆ ئەوەی مۆنۆپۆلی کەرتی گشتی نەهێڵێت. بۆ ئەوەی هاوکار و یارمەتیدەری کەرتی گشت بێت.

لەئێستادا نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە کێشەی بۆ دروست بوە و ناتوانێت بیفرۆشێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە موچەی فەرمانبەران لەژێر کۆنترۆڵی هەرێمدا نەماوە لەناوەندەوە پارەدار (تمویل) دەکرێت.

کرانەوەی ئابوری سەرەڕای کرانەوەی سیاسی پێویستی بە پاڵپشتی کلتوری و زانستیش هەیە. کوردستان تاکو ئێستا هیچ ئیندیکەتەرێکی نییە سەبارەی بەرێژی بەرهەمهێنانی زانستی و تەکنەلۆژی. پەروەردە و فێرکردن بەئاراستەی بازاڕی کار نییە. پەروەردە و فێرکردن لەهەرێمی کوردستان لە وڵاتیک هەژار دەچێت کە تەنیا گرنگی بە خوێندەوارکردنی خەڵک دەدات؛ ئەگەریش بدات، نەک پەروەردەی داهێنەرانە. دەرچوانی زانکۆ بێکار دەمێننەوە. لێرە تێدەگەین کە پەروەردە و زانست خزمەتێک بە ئابوری هەرێم ناکەن. کوردستان بۆتە بازاڕی تورکیا و ئێران. حکومەت لەژێر فشاری ئەو دەوڵەتانە ڕێگەکانی هاوردەکردنی بەروبومەکان دەکاتەوە کە بەرهەمی ناخۆی بێنرخ کردوە. توێژینەوەکانی زانکۆ کەمتر کێشەکانی کۆمەڵگە و ئابوری چارەسەرە دەکەن، زیاتر بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ئەنجام دەدەرێن نەک گەشەپێدانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاراستە بکەن و لەکێشەکانی بکۆڵنەوە.

### ٣. هەل و دەرفەتەکانی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

ئەگەر ئەوانەی باسمان کرد دیوێکی دامەزراوەکان بێت (مەرج و سنورداری دامەزراوەکان) کە بۆ زۆرینەی خەڵکی مایەی هەژاری و کەمبونەوەی دەرامەت و دەرفەتە، بەڵام دیوەکەی تری دامەزراوەکان ڕەخساندنی هەل و دەرفەتە. ئەگەر

دەرفەت ودەرامەت لەلایەن دامەزراوەكانەوە سنورداری بۆ ئەوانەی لەدەسەڵاتدا نین بسەپێنێت، ئەوا بۆ ئەوانەی لەدەسەڵاتدان، دەرفەت هەلی دەوڵەمەند بون و خۆشگوزەرانی دەستەبەر دەكات. ئەوانەی دەستیان گرتوە بە دەسەڵات و داهات، هەروا بە ئاسانی ناتوانن ڕازی بین بە دەستاوەدەستكردنی دەسەڵات، بەڵكو هەمو كارتەكان بەكاردێنن بۆ مانەوەی بەرژەوەندییەكانیان بەردەوام بێت. ئەمڕۆ كوردستان بۆتە مۆڵگەی ملیۆنێرە تازە پێگەیشتوەكان. لەلایەک بەگوێرەی لێداوانی هەندێک بەرپرس، ئەمڕۆ لەژێر سایەی دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، زیاد لە ١٣ ملیاردێری و زیاتر لە هەزار ملیۆنێر[43] پەیدا بون[44]. كەواتە دۆخەكە لەژێر سایەی ئەو جۆرە دامەزراوانەی حكومەتی هەرێمی بۆ هەندێک زۆر لەبار وخێرداره. لەلایەكی تر، حكومەت لەمرۆدا نزیكەی ٣١ ملیارد دۆلار قەرزداره. كەواتە زۆر بەڕونی دیارە كە دامەزراوەكان لەجیاتی ئەوەی لە خزمەت بەرژەوەندی گشتییدابن، خراونەتە خزمەت چەند گروپێكی دەسەڵاتدار.

هەل ودەرفەتەكان بەشێوەیەكی یەكسان لە دامودەزگاكانی حكومەت دابەش ناكرێت. وەک ئاشكرایە بەڕواڵەت داوای سیڤی لە پێشكەشكاران دەكرێت، بەڵام ئەوانە براوەن كە پێشتر سودیان لە تۆرەكانی پاترۆنیج (سەروەر-خزمەتكار)[45] وەرگرتبێت. ئەمە لەبورای تەندەرو پرۆژەكانیش هەر ڕاستە. ئەوانەی دەتوانن لە دەرەوەی ڕێكارە یاساییەكان، پەنا بۆ تۆڕی ناسیاو و خزمان دەبەن دەتوانن مۆڵەتی پرۆژەكەی بەدەست بهێنن نەک لەڕێگەی ڕۆیشتن بۆ بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەی وەبەرهێنان (Omar, 2024).

بەردەوامی ئەو هەلومەرجە دامەزراوەییانەی باسكران، ئەگەرەكانی ڕەخساندنی هەل و درەفەتی یەكسان بۆ خەڵک لەلایەن حكومەتەوە لاواز كردوە. لەڕوی ئابوری سیاسییەوە حكومەتی داهاتو لەبەردەم دو ئەگەر دایە: ئەگەری بەردەوام بون لەسەر میراتی دامەزراوەیی پێشو لەوانە وەک دابینكردنی بەرژەوندییەكانی تۆڕەكانی پاترۆنیج و ئەندامانی حیزب و خێڵەكان خۆدەوڵەمەندكردن لەسەر حیسابی زۆرینەی خەڵک؛ یان دابینكردنی خۆشگوزرانی بۆ زۆرینەی خەڵكی كوردستان. بەردەوامبون لەسەر ئەگەری یەكەم بێئومێدی زیاتر بۆ خەڵكی كوردستان دروست دەكات لەڕوی نەبونی بودجە و دواكەوتنی موچە و نەبونی هەڵ و دەرفەتی كار بۆ گەنجان. لە حاڵەتی دوەم ئەگەر یارمەتیدانی تۆڕەكانی پاترۆنیج بوەستێت ئەوا ئەگەری گەڕانەوەی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک بەهێز دەبێت. بەڵام بەردەوام بون لەسەر ئەگەری دوەم بژاردەیەكی زۆر قورس دەبێت بۆ حكومەت، چونكە گومان دەكرێت بەنەمانی پاترۆنیج (سەروەر-خزمەتكار) حكومەت لاواز دەبێت و لە داهاتودا ئەگەری سەهەڵدانی نەزمی خێڵەكی و مافیایی بەهێزتر دەكات. بەردەوام بونیش لەسەر هەمان ڕێچكەی دامەزراوەیی ساڵانی پێشوی حكمڕانی كە بریتییە لە دابەشكردنی نیوە بەنیوەی پۆست و پلە وپایە سیاسی و ئابورییەكان لەنێوانی دو حیزب، دامەزراوەكانی هەرێم زیاتر ڕوبەڕوی مەترسی داخران و چەقبەستنی زیاتری سیاسی و ئابوری دەكاتەوە و هەرێمی كوردستان بۆ چەندین ساڵی تر دەخاتە دواوە.

لەئەنجامدا دەتوانین بڵێین كە هەلومەرجە دامەزراوەییەكانی هەرێمی كوردستان نایەكسانی لەدابەشكردنی داهات و دەرفەتی بۆ هاووڵاتیان بەدوای خۆیدا هێناوە كە دەكرێ بەپێی تێزی ئاسیمۆگلو ورۆبینسۆن وەک دامەزراوەی چەوسێنەر[46] تەعبیری لێ بكەین. سەرەڕای چەوساندنەوەی دامەزراوەیی، چەساندنەوە لەكۆمەڵگەی كوردییدا بونیادی كۆمەڵایەتی لەپشتە. لەڕابردودا خەڵكی گوندەكان و وەرزێرەكان لەلایەن پیاوانی ئاغا و كوێخاكانەوە بەناوی بێگاری دەچەوسێنرانەوە؛ تاپێش ئیسلاحی زراعی (١٩٥٨) ئەو بیگارییە بەردەوام بوە (عمر، ١٣٩٩). لەسەردەمی پێشمەرگایەتیشدا، ئەو چەوساندنەوەیە لەفۆرمی سوخرە، دەرحەق بە گوندنشینانی ناوچە سنورییەكان ئەنجام دەدرا.

بێگاری پێکردن لەشارەکان لەدوای ڕاپەڕین بەتایبەتی تر، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی کەسی جارێکی تر خۆی نیشان دەداتەوە. بەڵام لەدوای دورستبونی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم، فۆرمی چەوساندنەوەی خۆی لە قاڵبی پێنەدانی موچە بەفەرمانبەران دەبینێتەوە.لێرەوە دەگەیەینە ئەو ئەنجامەی کە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵ دوای ساڵ بەرەو دامەزراوەی چەوسێنەر وکارپێکردن بەبێ موچە هەنگاوی ناوە کە سەرەتایەکی مەترسیدارە لە پاشگەزبونەی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان.

**پێنجەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوە**

١. لە هەرێمی کوردستان هێزی دامەزراوەکان لە هێزی ئەو کەسایەتیانە سەرچاوە دەگرێت کە بەرپرسیاریەتی دامەزراوەکانی دەگرنە ئەستۆ، نەک پێچەوانەوە. بەواتایەکی تر دەسەڵاتی نافەرمی (کۆمەڵایەتی) بەسەر دەسەڵاتی فەرمی (یاسایی)دا زاڵە.

٢. هەلومەرجە دامەزراوییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە جێبەجێ ناکرێن. واتە مەرجە یاسایی و دامەزراوەییەکان بۆ خەڵکی ئاسایی زۆر بەوردی جێبەجێ دەکرێن، کەچی بۆ دەسەڵاتداران چاوپۆشی دەکرێت و سود لە کەلێنیە یاسایی و دامەزراوەییەکان دەردەگیرێت.

٣. دو ئیدارەیی کۆسپێکی سەرەکییە لەبەردەم کاری دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان و سەروەر نەبونی یاسا. لەجیاتی سەرەوەربونی یاسا، سەرەوەربون بەهۆی یاسا لەئارادایە کە خۆی لە: بەکارهێنانی یاسا بۆ سەرکوتکردنی ئازادییەکان و دەستکاری بڕیارەکانی دادگا و جێبەجێکردنی یاساکانی بەپێی حەز و بەرژەوەندی کەسی و لایەنێکی دیاریکراودا دەبینێتەوە.

٤. هەلومەرجە تایبەتەکانی دامەزروەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە مایەی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی بۆ دەستەبژێرکی سیاسی و بنەماڵەیی. بەپێچەوانەوە زۆرینەی خەڵکی کوردستان، لەڕوی خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی پێداویستییەکان ژیان و خزمەتگوزارییەکان، ئاوات بە ژیانی ئەوان و منداڵەکانیان دەخوازن. ئەمەش بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی تۆڕەکانی پاترۆنیج (سەروەر - خزمەتکار) بۆ دەستکەوتنی ژیانێکی شایستەی لەڕوانگەی خەڵکی ئاسایی.

٥. هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی دیموکراسی، لەهەرێمی کوردستان نەیتوانیوە گۆڕانکاری بنەڕەتی بۆ دەستاودەست دەسەڵات بەدیبێنێت و ئەو ڕێچکە دامەزراوییە تێکبشکێنێت کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە بەردەوامە. ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ هەنگاونان بەرەو دامەزراوەی سیاسی داخراو.

٦. سەرەڕای پەرتەوازەیی بونیادی کۆمەڵگەی کوردستانی باشور لەهێڵی خێڵگەرایی بەهۆی حیزبایەتییەوە (دەسەڵاتی دو حیز لە دو زۆنی ئیدارەیی) ناوچەگەرایەتیش بۆ زیادکردوە کە خۆی لە خۆییدا دەسەڵاتی دامەزراوەکانی حکومەتی لاوازکردوە.

٧. ناکۆکی سیاسییەکانی دو حیزبی دەسەڵاتدار، چارەسەرنەکردنی لەچوارچێوەی دامەزراوەکان، دەسەڵاتی سەرکردە خێڵەکییەکانی بنەماڵەی ئاغاوات و شێخەکانی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بەهێز کردۆتەوە (خێڵگەرایی نوێ).

٨. کۆمەلێک کێشەی بۆ گەلاڵەی دەسەڵات (مەرکەزییەتی دەسەڵات) لەهەرێمی کوردستان بونی هەیە کە بریتیین لە دەسەڵاتی بنەماڵە فەرمانڕەواکان، دەسەڵاتی سەرۆک عەشیرەتە چەکدارەکان لەناوچەکانیان.

٩. نەبونی شەفافیەت و کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی داهات لە هەر زۆنێک لەلایەن بەرپرسانی حیزبی لەژێر ناونیشانی کۆمپانیای تایبەت ئەو ناوچەیە، زیانێکی گەورەی بۆ ئابوری هەرێم گەیاندوە بۆتە مایەی دەوڵەمەندی بەرپرسانی حیزبی و دارمانی بنەماکانی خەزێنەی گشتی.

١٠. کۆنترۆڵکردنی جومگە ئابورییەکانی هەرێم لەلایەن کەسانی دەستڕۆیشتوی دو حزبی دەسەڵاتدار، هاندان و پاڵنەر بۆ سەرمایەداران و بەرهێنەرە ناخۆییەکانی پەکخستوە. ئەمەش نیشانەکی بەهێزە بۆدامەزراوە ئابورییە بەهرەکێشەکان.

١١. ناجێگیری دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ناجێگیری پەیوەندییەکانی نێوان دو هێزی ناوەندخواز و سەربەخۆخواز (بەغدا و هەولێر)، کە تاکو ئێستا نەتوانراوە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ناکۆکییەکانیان لەڕیگەی دامەزراوە فیدراڵییەکان بدۆزنەوە، ئەو ناجێگیریەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی متمانە و باوەڕ بەکاری دامەزراوەکانی لای هەردولا.

١٢. لەڕابردودا دامەزراوەکانی دەوڵەتی ناوەندی لە کوردستان دامەزراوەی لەڕوی ئابوری چەوسێنەر و لەڕوی سیاسییەوە تۆقێنەر بون، کە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستانی بەتەواوی لە ئابورییەکی کشتوکاڵییەوە گۆڕی بۆ ئابورییەکی بەرخۆری و موچەخۆری.

١٣. نەبونی تیۆرێکی دادپەروەری و فەلسەفەی سیاسی ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەلای دەسەڵاتدارانی دو حیزب هۆکارێکە بۆ بەکارهێنانی دامەزراوەکان لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆیان و فەراموشکردنی داهاتە ستراتیژییەکانی دامەزراوەکان کە سودی بۆ هەموان هەیە و خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی دەکات.

## The Institutional Conditions of Kurdistan Regional Government in The Light of Acemoglu and Robinson's Theory: A Theoretical -Analytical Study

Hewa Ali Omar

Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region - Iraq

### Abstract:

The issue of governance in the Kurdistan Region largely revolves around the effectiveness of its institutions. Institutions play a crucial role in encouraging or discouraging citizens from engaging in political and economic activities. They are responsible for either fostering wealth and happiness for nations through what we call institutional opportunities or for hindering progress and leading to poverty and deprivation of services, which we refer to as institutional conditions. Acemoglu and Robinson illustrate how the opening or closing of institutional frameworks can lead to either political and economic prosperity or misery. However, the historical evolution of institutions is not inevitable. A nation may have been prosperous in the past, but due to various historical events, it can become impoverished, and conversely, a nation facing challenges may become prosperous over time. This paper examines the history of institutions within the Kurdistan Regional Government (KRG) using the framework proposed by Acemoglu and Robinson. It adopts a qualitative institutional analysis method, utilizing both historical and

current data, to investigate the role of institutions in the Kurdistan Region. This research aims to investigating that historical inequalities are deeply rooted in the region's past, particularly in the dynamics between the two predominant political forces, the KDP and PUK. The findings reveal that divided administrations have disrupted the normal progressive of institutions, creating a unique condition that favors a particular political and familial elite, benefitting those who support them. On the contrary, the majority of Kurdish people wish for their lives and those of their children in terms of welfare and richness of necessities, life and services.

**Keywords:**Institution, Open Institutions, Oppressive (Closed) Institutions, Institutional Path, Institutional Conditions, Institutional Inequality.

### سەرچاوەکان

ئاسیمۆگلو، دارۆن و ڕۆبینسۆن (٢٠١٤): بۆچی نەتەوان شکست دەهێنن؟ و. هۆشیار سیوەیلی. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

بێشکچی، ئیسماعیل (٢٠٢٣): لەبارەی کۆمەڵگەی کورد. و: سەردار عەزیز. هەولێر: وەقفی ئیسماعیل بێشکچی (iBV).

ساڵح، یاسین (٢٠٢٠): حزب و بەربەستەکانی بونیادنانی دەسەڵاتی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان. گۆڤاری وشرۆڤە، وەرزەگۆڤارێکی سیاسیی هزرییە سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دەری دەکات، ژمارە 31، کانونی یەکەمی ٢٠٢٠. لا. ٧٨-١٠٧.

عەلائەددین، دلاوەر عەبدولعەزیر (٢٠١٣): نیشتیمانسازی و سیستمی فەرمانڕەوایی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

عەلائەددین، دلاوەر عەبدولعەزیر (٢٠١٨): دەوڵەتسازی: نەخشەڕێگایەک بۆ سەروەری یاسا و بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

قاسملو، عبدولرەحمان (٢٠١٢): کوردستان و کورد. و: عبداللە حسن زادە. چاپی شەشەم: هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

مستەفا، نەوشیروان (1995) کێشەی پارتیی و یەکێتیی. ئامادەکردنی: لوقمان عەباس. هانکۆ-فینلاند.

یادرگی، وەلی (٢٠٢٣) ئابوری سیاسی کوردستان لە گەشەکردنەوە بۆ دواکەوتویی. لا. ٢٧٣-٣٢٤. لە: بۆزئەرسەلان و هاوکارانی، (٢٠٢٣)، مێژوی کورد، زانکۆی کامبریج. و: محمد حمەساڵح تۆفیق، بەرگی یەکەم. سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

یوکسەڵ، مەتین (٢٠٢٣): کورد و ناسیۆنالیزمی کوردی لەماوەی دو جەنگی جیهانیدا، لا. ٣٢٧-٣٦٤، لە: بۆزئەرسەلان و هاوکارانی، (٢٠٢٣)، مێژوی کورد،، زانکۆی کامبریج. و: محمد حمەساڵح تۆفیق، بەرگی یەکەم. سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

بطاطو، حنا (٢٠١٨): الشيخ و الفلاح في العراق (١٩١٧-١٩٥٨). ت: صادق عبد علي طريخم. بغداد: دار سطور.

چلبی، مسعود (١٣٩٩): جامعه‌شناسی نظم؛ تشریح و تحلیل نظری نظم اجتماعی. تهران: نشرنی.

شکرچی، احمد و عمر، هیوا (١٣٩٩) تحلیل کیفی تأثیر ساختار سیاسی . قبیلهای کردستان بر حاکمیت قانون ) با تأکید بر موردهای از دادگاه تجدیدنظر استان اربیل در کردستان عراق (٢٠١٩). فصلنامه جامعه‌شناسی سیاسی ایران، سال سوم، شماره دوم، (پیاپی 10)، تابستان ١٣٩٩، صص ١٥٧-١٨٥.

عمر، هیوا علی (١٣٩٩): بررسی رابطه قبیله‌گرایی و نظم سیاسی در کردستان عراق، رساله دکتری چاپ نشده، دانشگاه شهید بهشتی.

موزیلس، نیکوس (١٣٩٤): بیراهه‌های نظریه جامعه‌شناختی. م: حمید پورنگ. تهران: ترجمان.

Acemoglu, Daron & Robinson, Jamse (2012) Why Nations Fail; The Origins of Power, Prosperity and Poverty. Profile Book.

Anaid, Anwar (2019): The Nature of Political Economy Challenges of the Kurdistan Region of Iraq, p. 14; in: Anaid, Anwar & Tugdar, Emel Elif (2019): Iraqi Kurdistan's Statehood Aspirations: A Political Economy Approach. Switzerland: Palgrave Macmillan.

Arif, Beston Husen (2022) KDP-PUK Strategic Agreement and its consequences on the governing system in the Kurdistan Regional Government. Journal of Asian and African Studies (1-25). DOI: 10.1177/00219096221146747.

Greif, Avner (2010) Institutions and the path to the modern economy. lessons from medieval trade. Cambridge University Press.

Hess, Charlotte & Ostrom, Elinor (2011) Understanding knowledge as a commons: from theory to practice-MIT Press.

Khalid, Nijdar S. (2021): The State of the Institutions of Economic Freedom in the Kurdistan Region of Iraq. p.p. 211-236; in: In Gwartney, James; Lawson Robert; Hall, Joshua; & Murphy, Ryan (2021): Economic Freedom of the World 2021 Annual Report. Canada: Fraser Institute.

March, James G. & Olsen, Johan P. (2005) Elaborating the "New Institutionalism, Working Paper, No.11, March 2005. Oslo: Centre for European Studies.

Mouzelis, P. Nicos (2008): Modern and Postmodern Social Theorizing_ Bridging the Divide. Cambridge University Press.

Natali, Denise (2010): The Kurdish Quasi-State Development and Dependency in Post–Gulf War Iraq. Syracuse University Press.

North, Douglass C. (1990) Institutions, Institutional Change and Economic Performance. Cambridge University Press.

Omar, Hewa A. (2024): Sociological Analysis for the Institutional Inequality in Kurdish Region of Iraq (KRI). Paper presented in Institutions and Development in the Arab Countries; Challenges and Prospects, 28-30 April 2024, Doha, Qatar.

Ostrom, Elinor (2010) Institutional Analysis and Development; Elements of The Framework in Historical Perspective; in; Historical Developments and Theoretical Approaches in Sociology, Vol. II.

Pierson, P. (2004) Politics in Time; History, Institutions, and Social Analysis. Princeton University Press.

Steinmo, Sven (2008) Historical institutionalism, p.p.125-126, in: Della Porta & Keating, Michael (2008): Approaches and Methodologies in the Social Sciences: A Pluralist Perspective.

دەنگی کوردی ئەمریکا، چاوپێکەوتنی ژیار محمد لەگەڵ علی محمد، ئەوانی تر. لە سایتی (https://www.dengiamerika.com/a/7398691.html). سەردانی سایت (15/02/2024).

٣٠لێداوانی بافڵ تاڵەبانی (٢٠٢٤) وتەکانی تاڵەبانی لە دیداری میری، هەولێر لەبەرواری ٢٩-٣٠/٤/٢٠٢٤.

**پەراوێزەکان**

1. بەگوێرەی وتەکانی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران (ئامانج ڕەحیم) بڕی قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ٣١ ملیار دیناری تێپەڕاندو (ماڵپەڕی ئێستاEsta لەبەرواری 28/06/2021).
2. بۆ نمونە، حکومەت لە ساڵی ٢٠١٥ بەولاوە، نەیتوانیوە هەڵی کار بۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان بڕەخسێنێت.
3. Acemoglu, Daron & Robinson, Jamse (2012) Why Nations Fail; The Origins of Power, Prosperity and Poverty. Profile Book.
4. Social Sciences Interdisciplinary
5. Theoretical Pluralism
6. Quasi-state
7. Path Dependency
8. Laissez-Faire
9. System of Patronage
10. Unilateral Analysis
11. Institutional Analysis
12. Sven Steinmo
13. Historical Institutionalism

14. Self-Reinforcing
15 .Positive Feedback
16. Temporal Ordering
17. وەرچەرخانە مێژوییەکان ئەو ڕوداوە سەرەکییانەن کە باڵانسی ئابوری و سیاسی هەنوکەیی لە کۆمەڵگە تێکدەدەن. لە نمونەی تاعون (مردنی ڕەش) ئەروپای سەدەی چواردەهەم) (لا. ٥٥٢-٥٥٣).
18. بۆ مەبەستی دوبارە نەبونەوە تەنیا پیتەکانی یەکەمی نوسەران (Acemoglu & Robinson) بەکاردێنین (A&R).
19. Paradigm
20. Syntagmatic
21. بەپێی یاسای ئینێرسی لە ترمۆداینامیک: مەیلی تەنە جوڵاوەکان بۆ بەردەوام بون لە جوڵە و مەیلی مانەوەی تەنە وەستاوەکان لەکاتی بێ جوڵەیان پێی دەوترێت ئینێرسیا. بەواتایەکی تر، بەرگری لەبەرامبەر گۆڕان لەجوڵێ پێی دەوترێت ئینێرسیا (سایتی فرادرس (فارسی)).
22. Institution
23. Rules of Game
24. Regularity
25. Institutional Conditions
26. Inclusive Institution
27. Prosperity
28. Exclusive Institution
29. Social Order
30. Modernization Theory
31. بۆ نمونە موبارەک کاتێک دەسەڵاتی بەجێهێشت خاوەنی ٧٠ ملیارد دۆلار بو (ئاسیمۆگلو و ڕۆبینسون، ٢٠١٤).
32. Historical Contingency
33. Entrepreneurships
34. Tribal Order
35. Rule of Law and Rule by Law
36. Virtuous Circle
37. Vicious Circle
38. Institution as Network
39. Anti-institutionalism
40. لەوانەیە باشترین نمونەی زیندوی بەردەستمان، ئەو گومان و ترسانە بێت کە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە سەرژمێری دانیشتوان هەیەتی.
41. دورستکردنی ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەروەیە بەپشتبەستن بە سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژویی کورد.
42. تاڵەبانی لە دیداری میری، لەڕۆژانی (٢٩-٢٠٢٤/٣٠) لە سایتی میری: https://www.meri-k.org
43. بەپارەی دۆلار
44 . دەنگی کوردی ئەمریکا، چاوپێکەوتنی ژیار محمد لەگەڵ علی محمد، ئەوانی تر (https://www.dengiamerika.com/a/7398691.html)
45. Patronage Networks
46. Executive Institution